
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5842) یەک شەممە 6ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

یادی گەرانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ بارزان



(لەم ژمارەیەدا بابەتێک لەسەر ئەم دوو بۆنەیە لە ل8-9 بخوێنەوە)

سەرۆک بارزانی سەردانی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات



دوێنێ شەممە 2019/10/5 سەرۆک مەسعود بارزانی لە شاری دهۆک سەردانی بارەگای لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، و لە لایەن بەرپرسی لق و ژمارەیەک بەرپرسی حزبی و ئیداریی سنووری لقی یەک پێشوازیی لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەکدا سەرۆک بارزانی لە ڕەوش و بارودۆخی پارێزگای دهۆکی پرسی و بیروڕای لەگەڵ ئامادەبووان لەسەر بابەتە هەنووکەییەکان و باشترکردنی ڕەوش و گوزەرانی پارێزگاکە ئالوگۆڕ کرد. لە بەشێکی تری دانیشتنەکەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی خەڵکی دهۆک و جەماوەری پارتی لەم دەڤەرە کرد بۆ ئەو ڕۆڵەی هەیانبوو لە هاوکاری کردنی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆرستانی داعش و ئەو پێشوازییە گەرمەی لە ئاوارەکانییان کرد.

هەروەها سوپاسی ئەندام و کادیر و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بۆ خۆڕاگری و سەرخستنی پارتی لە قۆناغە دژوارەکان و خزمەتکردنی خەڵک.

عێراق لە دۆخێکی هەستیاردایە کە پێویستی بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەیە

نێچیرڤان بارزانی: تێکدانی ئاسایش، دۆخەکە خراپتر دەکات

داواکارین هەموو لایەک دان بە خۆیاندا بگرن، یاسا بپارێزن و بەرژەوەندیی باڵای وڵات ڕەچاو بکەن



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لەبارەی دۆخی عێراقەوە داوای پاراستنی یاسا و ئاسایش و سەقامگیری و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی باڵای وڵات دەکات. ئەمە دەقەکەیەتی:

بە نیگەرانییەوە لە ڕووداو و توندوتیژییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی بەغدا و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق دەڕوانین. خۆپیشاندانی مەدەنی و ئاشتیانە، مافێکی دەستوورییە پارێزراوە، بەڵام نابێت بۆ تووندوتیژی و پێکدادان و نانەوەی پشێوی و دەرچوون لە یاسا بگۆڕێت و هەڕەشە لە ئاسایشی گشتی و تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بکات.

کێشە کەڵەکەبووەکانی عێراق لەدایکبووی ڕۆژ نین، بەڵکو زادەی ڕەفتار و سیاسەتە هەڵەکانی دەیان ساڵی ڕابردووی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقن و هیچ حکوومەتێک ناتوانێت لە شەو و ڕۆژێکدا چارەسەریان بکات. بەدیهێنانی خواست و داواکانی گەل، هاوکاری و پشتگیریی هەموو هێز و لایەنەکانی دەوێت. پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و ئێستا و داهاتووی وڵات، ئەرک و بەرپرسیاریەتیی هەمووانە و وریایی و دانایی هەمووانی پێویستە. عێراق لە دۆخێکی هەستیاردایە کە پێویستی بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی هەیە، ئالۆزی و تێکدانی ئاسایش و دەرچوونی ڕووداوەکان لە کۆنترۆڵ، دۆخەکە خراپتر و دژوارتر دەکات، هیچ شتێک چارەسەر ناکات و هەموو گەلانی عێراق تیایدا زەرەمەند دەبن. داواکارین هەموو لایەک دان بە خۆیاندا بگرن، یاسا بپارێزن و بەرژەوەندیی باڵای وڵات ڕەچاو بکەن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/10/4

کاردانەوە جیهانی و ناوخۆییەکان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراق

کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ کوژرانی زیاتر لە 90 کەس و دەستگیرکردنی 556 خۆپیشاندەری ڕاگەیاند



لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووەوە زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەستیپێکردووە، بەهۆیەوە بە سەدان کەس کوژران و بریندارببوون، کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤیش لە عێراق دەستگیرکردنی 556 کەس کە 355یان ئازادکراون، ڕاگەیاندووە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوا لە بەغدا دەکات لێکۆڵینەوە لە کوژرانی خۆپیشاندەران بکات. **(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێکی تێرووتەسەل لە ل5 بخوێنەوە)**

سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی بەغدا

سەلام عەبدوڵلا

تێزێکی بەربڵاو لە عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان هەیە کە هەرچی ڕووەدات، بەتایبەتیش ناڕەزایی خەڵک دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە ئەوە پیلانی دەرەکییە، بەتایبەتیش وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەمەودواش ئیسرائیلی پێ تاوانبار دەکرێ، کە ئەمەش ئاسانترین ڕێگەیە بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشی هۆکارە بنەڕەتییەکان و چەواشەکردنی جەماوەر.

ئێستا ئەم تێزە گواستراوەتەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەر و هەرچی لەناوخۆی خۆیاندا ڕووەدات ئەوا بە فیت و پیلانی دراوسێکانی لە قەڵەم دەدەن، چونکە تێزی پیلانی ڕۆژئاوا خەریکە ئەو بایەخەی نامێنێ و ناتوانرێ وەک پێشوو جەماوەری پێ فریو بدرێت، فەرموون ئەوەتا سەرکردەی حزبێکی مەزهەب لە عێراق زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: «ئەم خۆپیشاندانانە خەڵکی خاوەن بڕوانامەن و بەفیتی عیزەت دووری دێنە سەر شەقام و دژایەتی حکوومەت دەکەن!».

جا ئەم عوزرە لە قەباحەت خراپترە، چونکە هەمووممان دەزانین کە ڕژێمی پێشووی عێراق چ دڕندەیەک بوو بەرامبەر گەلانی عێراق و بەتایبەتیش گەلی کورد، کەوابێت هۆکار چییە دوای شانزە ساڵ لە حوکمڕانی لە عێراق، خەڵکی بەفیت و فەرمانی سەرانی ڕژێمی پێشوو بڕژێنە سەر جادەو کۆڵانەکانی بەغداو بەگژ دەسەڵات و حکوومەتدا بچنەوە.

بەوپێیە بێت دەبێ لای خۆپیشاندەران و خەڵکی تووڕەی سەرشەقامەکان هێندە ئەم دەسەڵاتەیان لا قێزەون بووە کە خوازیاری ڕژێمی پێشوون بە هەمور تاوان و نادادی و هەمەجییەتییەوە و ئەوانیان لە حوکمڕانی ئەمڕۆی بەغدا لاپەسەندترە. لە ڕاستیدا گەر پاساوی ئەو سەرکردە مەزهەبییە ئەوە بێت، ئەوا دیارە بەشێوەیەکی زۆر بێ مانا پەردەپۆشی ناڕەزایی خەڵک دەکات.

بەڵام ئەمانە بۆ ڕاستی نالێین؟ ئەمە، نە، زادەی تیۆری پیلانگێڕانەو نە فەرمانی کۆنە بەعسییەکانیشە.

ئەمە زادەی گەندەڵییەکی لە ڕادەبەدەرەو حوکمڕانی بێسەروبەری بەرپرسانی پلە باڵای عێراقییە، فەرموون بزانن بە داتاو دۆکۆمێنت ڕادەی گەندەڵی لەم عێراقەدا گەیشتۆتە کوێ:

- عێراق دوانزەهەمین وڵاتی گەندەڵە لە جیهانداو شەشەمیشە لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا- شەفافیەتی نێودەوڵەتی.
- قەبارەی پارەی بەفیڕۆدراو لە عێراقدا لە کەوتنی سەددامەوە تاکو ئێستا (450) ملیار دۆلارە.
- ڕێژەی بێکاری گەنجان لە 40%ی دانیشتوانی عێراقە- (عێراق 37 ملیۆنە) واتا 14.8 ملیۆن بێکارە- سندوقی دراوی نێودەوڵەتی.
- 80%ی ژنانی عێراق بێکارن، ڕێکخراوی النماء
- بڕی قەرزی کەڵەکەبووی سەر عێراق (125) ملیار دۆلارە - سندوقی دراوی نێودەوڵەتی-.

ئەمانە چەند ڕاستییەکن کە لە خەڵکی عێراق دەشاردرێنەوەو لە بڕی تێزی پیلانگێڕی دەکەنە پۆشاکی ئەو هەموو گەندەڵییە، ئیدی ئەم خۆپیشاندانانەی بەغداو خواروی عێراق بۆچی بەهۆی ناڕەزایی خەڵکەوە نەبێت و بخرێتە سەر هۆکاری دیکە.



سەرۆک بارزانی بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی (جەمایێ)ی ئێزدییەکان:

پشتیوانیی لە داواکاریی و مافی ڕەوای خۆشک و برا ئێزدییەکان دەکەم

دوێنێ شەمە 2019/10/5 سەرۆک بارزانی، بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی "جەمایێ"ی ئێزدییەکان، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، "بە پێویستی دەزانم جارێکی تر پشتیوانیی خۆم بۆ داواکاریی و مافی ڕەوای خۆشک و برا ئێزدییەکان ڕابگەیێنم و هیوای ژیانێکی ئاشتیانە و بەختەوەریان بۆ دەخوازم". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی (جەمایێ)ی ئێزیدی پیرۆزبایی لە خۆشک و برایانی ئێزیدیی کوردستان و هەموو جیهان دەکەم. ئومێدی ئەوە دەخوازم کە خۆشک و برا ئێزیدییەکانمان هەموو جەژن و خۆشییەکانیان لە کەشێکی ئارام و پڕ لە ئاسوودەیی بەڕێ بکەن و کۆتایی بەو ئێش و ئازارانە بێت کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی زوڵمی تیرۆریستان چێشتوویانە.

لەو بۆنەیەدا وێڕای جەختکردنەوە لە پابەندبوونمان بە هەموو بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاییننی و نەتەوەیی لە کوردستان بە پێویستیشی دەزانم جارێکی تر پشتیوانیی خۆم بۆ داواکاریی و مافی ڕەوای خۆشک و برا ئێزدییەکان ڕابگەیێنم و هیوای ژیانێکی ئاشتیانە و بەختەوەریان بۆ دەخوازم.

جەژنتان پیرۆز و بمێنن بە خێر و خۆشی..

مسعود بارزانی
2019/10/5

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی (جەمایێ)ی ئێزدییەکان:

نێچیرڤان بارزانی پیرۆزباهیا جەژنا جەمایێ ل ئێزدییا کر

د پەیامەکێدا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ، پیرۆزباهیا جەژنا جەمایێ ل خوشک و برایێن ئێزدی کر، ئەڤە دەقا وێ یە:

جەژنا جەمایێ ل هەمی خوشک و برایێن ئێزدی ل کوردستانێ و ل هەر دەرەکا جیهانێ بن، پیرۆز دکەین. هیڤیدارین ئەڤ جەژنە بۆ هەمیا ب خێر و خۆشی ڤەگەڕیت و جەژن و هەلکەفتێن بێن، د ڕەوشەکا باشتردا بۆ ئێزدییا و هەمی کوردستانییان بگشتی ڤەگەڕن.

ئیسال ژی جەژن د دەمەکێدا تێت کو هێشتا ب دەهان هزار خوشک و برایێن مە یێن ئێزدی ژیانا ئاوارەییێ د کەمپاندا دەرباز دکەن و نکارن ڤەگەڕنە سەر مال و جهێت خۆ، بێتری سێ هزارا ژی هێشتا بێسەوشوین و چارەنڤیسێ وان نەدیارە.

ئەم جارەکا دی خوشک و برایێن خۆ یێن ئێزدی پشتراست دکەین کو هەر چ ژ مە بێت دێ کەین داکو ڤەگەڕنە سەر مال و جهێن خۆ یێن ئارام و ئاڤەدانکری و هندی ئێک ئێزدی وندا مایە، دێ هەمی هەولا بۆ ڤەگەڕاندنا وان دەین.

دوبارە جەما ل هەمیا پیرۆز بیت، هەر سال ب خێر و خۆشی

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
2019/10/5

پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی جەژنی (جەمایێ)

مەسرور بارزانی: حکوومەتی هەرێم بە هەموو توانایەکەوە کار بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازاری ئێزدییەکان دەکات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی هاتنەوەی جەژنی (جەمایێ)ی کوردانی ئێزدی، پەیامێکی بڵاو کردەوە و تیایدا پیرۆزبایی ئاراستە خوشک و برایانی کوردی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان دەکات و هیواش دەخوازێ لە کەشێکی ئارام و پڕ لە خۆشیدا ئەم جەژنە بکەنەوە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی جەژنی (جەمایێ) گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستە خوشک و برایانی کوردی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان دەکەم. هیوادارم لە کەشێکی ئارام و پڕ لە خۆشیدا ئەم جەژنە بکەنەوە.

خوشک و برایانی ئێزیدی لە ساڵانی ڕابردووداو ڕووبەڕووی مەینەتی و ڕۆژانی سەخت بوونەوە. ئومێدەوارین لە ژێر سایەی کەشی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی هەرێمی کوردستان ئەو ڕۆژە سەختانە تێپەڕێنن و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەرچی لە توانایدا بێت دریغی ناکات بۆ کەمکردنەوەی ئێش و ئازارەکانیان و قوڵترکردنەوەی گیانی بەیەکەوەژیان و تەبایی نێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
5ی تشرینی یەکەمی 2019

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی جەژنی (جەمایێ)

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی (جەمایێ)ی خوشک و برایانی ئێزدی، گەرمترین پیرۆزبایی لە کەسایەتی و شێخانی ئێزدی و ئەنجومەنی ڕووحانی کوردانی ئێزدی و سەرجەم ئێزدیان لە کوردستان و جیهان دەکەین، هیوادارین ئەو جەژنە و گشت جەژن و بۆنەکانتان لە سایەی ئازادی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بە خێر و خۆشی بۆ هەموو لایەک بگەڕێتەوە و مایەی دڵنەوایی و ئارامیی بێت و کۆتایی بە ناخۆشی و دەردەسەرییەکان بێنێت.

بەوبۆنەیەوە پاڵپشتی تەواو و بەردەوامی مادەی و مەعنەوی پارتیمان و سەرۆک مەسعود بارزانی دووپات دەکەینەوە بۆ پاراستنی کولتووری ڕەسەنی ئێزدیاتی و گەڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیریی بۆ تەواوی ناوچەکانتان و کارکردن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەیان و پەرەپێدان و پێشکەوتنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان و تەبایی لای گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیی.

جارێکی دیکە جەژنتان پیرۆزبێت و ئومێدی بەختەوەریی و خۆشگوزەرانیتان بۆ دەخوازین..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان



پەیامی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، لە یادی کۆچی دواییی مام جەلالدا

نێچیرڤان بارزانی: مام جەلال سیمبولێکی کاری هاوبەشە

ئەمڕۆ لە ساڵیادی کۆچی دواییی مام جەلالدا، یادی سەرکردەیەکی خەباتگێڕ دەکەینەوە کە کۆچکردنی بۆشاییەکی گەورەی لە کاری دەوڵەتی و سیاسیدا دروست کرد. لەناو کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەمڕۆدا لە عێراق و ناوچەکە زیاتر لە هەموو کاتێک هەست بە بۆشاییی مام جەلال دەکەین، بەڕاستی مام جەلال سیمبولێکی کاری هاوبەش بوو.

پەیوەندیی بەهێزی نێوان هەردوو سەرۆک مام جەلال و کاک مەسعود بارزانی، قۆناغێکی بەهێزی کاری هاوبەشی لە کوردستان هێنایە کایەوە کە ئەنجامەکەی چەسپاندنی بەشێکی زۆری داواکانی گەلی کوردستان بوو لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و دەستووری عێراقدا، هەروەها لە ئەنجامی ئەوەدا بۆ یەکەمجار پێگەیەکی بەهێز بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا دروست بوو و دیموکراسی لە عێراق گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی.

مام جەلال، پشتیوانێکی زۆر گەورە بوو بۆ کاری من لە دروستکردن و ڕیشەدارکردنی کاری هاوبەش و بەڕێوەبردنی هاوبەش لە هەرێمی کوردستان کاتێک کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان پێکهێنا و بەر لەوەش لە نزیککردنەوەی ئیدارەکان و دروستکردنی یەکبڕیاری لەسەر زۆر پرسی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

ئەمڕۆ کە یادی کۆچی دواییی مام جەلال دەکەینەوە، باشترین وەفاداری ئەوەیە یەکڕیزیی گەلەکەمان و هاوبەشی لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردندا، پەیوەندییەکان و هاوهەڵوێستیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و هەموو هێزەکانی کوردستان لەسەر پرسە هاوبەشە کوردستانی و عێراقییەکان بەهێز بکەین.

یادی مام جەلال مایەی خێر و تەبایی بێت و سڵاو و دروود بۆ گیانی دەنێرین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/10/3

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئێران کرد



ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەڕێز ئیرەج مەسجدی، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق کرد. لە دیدارێکدا هەردوولا پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و چەند پرسێکی دیکەیان دەربارەی دواپێن پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ کرد.



هەولێر... ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نیشتمانی ئەڵمانیا کرد




نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کۆدەبێتەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە پاراستنی سەرکەوتنەکان بەسەر داعشدا و دەستپێکردنی قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕ و گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران بۆ شوێنەکانیان کردەوە، هەروەها سوپاسی پشتیوانیی کەنەدای بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 لە هەولێر، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز پۆل گیبارد باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کە خاتوو ئاشلی دوریک بەڕێوەبەری ئۆفیسی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە هەولێر تیایدا ئامادە بوو، پوختەیەکی دەربارەی پڕۆگرام و کارە لەپێشینەکانی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور خستەڕوو، هەروەها پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ کەنەدا لە هەموو بوارەکاندا دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز گیبارد باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق خۆشحاڵیی خۆی بە ئاستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیوای بەردەوامبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی خواست.

تاوتوێکردنی دۆخی سیاسیی عێراق، جێبەجێکردنی دەستوور، ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، دۆخی ئاوارە و پەنابەران و سوودوەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی کەنەدا، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.




سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی ئەمەریکی کۆبوونەوە

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان کردەوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 لە هەولێر لەگەڵ خاتوو تامی باڵدوین سیناتۆری ئەمەریکی و شاندێکی یاوەری، دۆخی هەنووکەیی عێراق، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، بابەتی نەوت و بودجە، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ ئەمەریکا و دۆخی ئاوارە عێراقییەکان و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعشیان تاوتوێ کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ ئەمەریکا دووپات کردەوە کە لە شەڕی دژی داعشدا هاوکاری و پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرد.

لای خۆیەوە شاندی ئەمەریکیش پێزانینی خۆیان بۆ قوربانییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆردا نیشان دا و بەردەوامیی پشتگیریی ئەمەریکایان بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دووپات کردەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق دەکات


باڵیۆزی کەنەدا ستایشی گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە ڕۆڵی ژنان کرد

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە پۆل گیببارد باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق کرد. لە دیدارەکەدا باڵیۆزی کەنەدا ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سیستەمی فیدراڵی کەنەدا.

هەروەها باڵیۆزی کەنەدا ستایشی گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە ڕۆڵی ژنان کرد لە دامەزراوەکانی حکوومەتدا. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و دۆخی ئاوارەکان و یارمەتیدانیان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەوەرێکی دیکەی گفتوگۆکان بوو.

هێزەکانی سووریای دیموکرات هۆشداریی هەڵگیرسانی شەڕێکی سەرتاسەری دەدەن

دەنگی ئەمەریکا: هێزەکانی سووریای دیموکرات کە لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشت دەکرێن دوێنێ شەممە ڕایگەیاند: هیچ دووڵییەکیان نییە لە گۆڕینی هەر هێرشێکی بێ پاساوی تورکیا بۆ شەڕێکی سەرتاسەری، بە مەبەستی بەرگری کردن لە ناوچەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. پێشتر ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاندبوو: کە وڵاتەکەی هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی کردەیەکی سەربازی لەڕێگای وشکانی و ئاوییەوە لەڕۆژی شەممە یان یەکشەممە بۆ ناوچەکانی ژێردەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات لەڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە سووریا.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی دەکات

گرژبوونی بارودۆخ لە عێراق و ناوچەکە لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا نییە

داعش هەڕەشەیەکی گەورەیە لە چەند ناوچەیەکی عێراق

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سیناتۆری ئەمەریکی تامی باڵدوین و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا کە ستیڤن ڤەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەی بوو، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە بەغدا و بارودۆخی ئاسایش لە ناوچەکە و جموجۆڵی شانە نووستووەکانی داعش تاوتوێ کران. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا گفتوگۆکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی بە باشی بەڕێوە دەچن و سەرۆک وەزیرانی عێراق تێگەیشتنێکی باشی بۆ تەوەرەکانی گفتوگۆ هەیە و ئومێد دەکەین لە سەر بنەمای دەستوور بگەینە ڕێککەوتن. گوتیشی گرژبوونی بارودۆخ لە عێراق و ناوچەکە لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا نییە.

هەروەها سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە جموجۆڵ و هەڕەشەکانی داعش کرد لە چەند ناوچەیەکی عێراق کە هەڕەشەی گەورە و جیددین بۆ سەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە و پێویستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان.

کێشەی گەورەمان لەگەڵ بەغدا هەیە و دەبێت هەمووان پێکەوە چارەسەری بکەین

خەسرۆ گۆران: پارتی هەمیشە ڕێزی ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ لایەنەکان دەگرێت

پارتی و یەکێتی جگە لە ڕێککەوتن و پێکەوە کارکردن نەبێت هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نییە

کەرکووک تەعریب دەکرێت و لەوانەیە لە ڕێگەی ساختەکارییەوە عەرەبە هاوردەکان دەنگ بدەن

خەسرۆ گۆران ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا باسی یەک لیستی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکات.

خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی لەبارەی یەک لیستی کورد دەڵێت: پێشنیاری یەک لیستی کورد لە کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکانی تر، هی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مانگێک لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی بە سەرۆکایەتیی جەنابی سەرۆک بارزانی بڕیاردرا ئەگەر کورد بەشداری هەڵبژاردنەکانی کرد لە ناوچە جێناکۆکەکان بە یەک لیست بێت یا بە یەکدەنگ بەشداری هەڵبژاردن نەکەن. گوتیشی: لە کەرکووک لیستە کوردییەکە بۆی هەیە 26 کاندیدی هەبێت، لە موسڵ دەتوانین چل و هەشت کاندیدمان هەبێت.

ئەو ئەندامەی سەرکرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی کردەوە کە 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەری هەیە لەسەر دەنگی کورد، لەو ڕووەوە گوتی: بێگومان 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەری هەیە، چۆن کاریگەری نییە! یەکەم، پاریزگاری ئەو شارە کورد نیین، پێشمەرگەی لێ نییە، پاریزگار تەعریب دەکات، عەرەبی هاوردەی هێناوە، لەوانەیە ساختە بکرێت و ئەو عەرەبانەی هێناویانن بەشداری بکەن لە هەڵبژاردن بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئاوارەمان هەیە لە هەولێر و شارەکانی تر کە ناتوانن دەنگ بدەن، بۆیە دەبێت هەموو ئاسانکارییەک بکرێ تا ئەو خەڵکە بتوانن دەنگ بدات.



سەبارەت بە هۆکاری دانەنانی پاریزگاریکی کورد بۆ کەرکووک، خەسرۆ گۆران ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ڕەتیدەکاتەوە هۆکارەکەی پارتی بێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: ئێمە ڕێگرنەبووین و هەرگیزیش ڕێگریش نابین، لیژنەیەک هەیە پێکهاتووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کەرکووک سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک یەک لەوانە دەستنیشانکردنی پاریزگارێکە بۆ کەرکووک بە بۆچوونی من عەرەب و تورکمان نایەنە پێش، لەو بابەتە ئەگەرنا پارتی هەمیشە ڕێزی ڕێککەوتنی خۆی دەگرێت لەگەڵ هەر لایەنێکدا. هەروەها جەختی کردەوە هیچ ڕێگایەکی تر لەبەردەم ئێمە و یەکێتیدا نییە جگە لە پێکەوە کارکردن چ لە کوردستان چ لە بەغدا نەبێت، چونکە کێشەی قورس و گەورەمان هەیە لەگەڵ بەغدا و دەبێت هەموان پێکەوە چارەسەری بکەین، ئەگەرنا هەموو لایەکمان زیانمەند دەبین.



بڕوسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی

بەبۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 سەرۆک بارزانی بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ پەیامێکی سەرەخۆشی ڕاگەیاند. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەداخەوە هەواڵی کۆچی ئەدیب و مێژوونـاس و کەسایەتیی ناودار، پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ – مان پێ گەییشت.

لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆم بە خانەوادەی بەڕێزیان و سەرجەم ڕۆشنبیران و خزم و هەڤاڵانی مامۆستای کۆچکردوو ڕادەگەیەنم و بەشداری خەمتانم.

لە خودای گەورە داواکارم گیانی کاک عزەدین ببـاتە بـەر دلۆڤانـیی خۆی و دڵنەوایی و ئارامییش بە گشت لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2019/10/3



نێچیرڤان بارزانی

سەرەخۆشی لە فاروقی مەلا مستەفا دەکات

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە 2019/10/3 لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە بەڕێز فاروقی مەلامستەفا کرد بەبۆنەی کۆچی دواییی پرۆفیسۆر دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵی برایەوە.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی، هیـوای خواست ئەمـە دوا کۆست و ناخۆشیـی خانەوادە بـەڕێزەکەیان بێت و خوای گەورە سەبووریـیان بداتەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز فاروقی مەلامستەفا سوپاسی پەیوەندیی تەلەفۆنی و سەرەخۆشیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد.



پرسەنامەیەک

لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی کۆچی دوایی پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکەی و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەداخێکی زۆرەوە کۆچی دوایی نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی کوردستان پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ-م بیست. د.عیزەدین ڕۆڵی دیاری لە بزاڤی ڕونـاکبـیریی و ئەدەبی کوردستاندا هەیە، بۆیە لە دەستدانی ئەم نووسەر و ئەدیبە گەورەیەی کورد زیانێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە کوردستان. پرسە و سەرەخۆشی گەرمی خۆم ئاراستەی بنەماڵەکەی و نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەم. خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و یادی مامۆستا عیزەدینیش هەمیشە هەر زیندوو بمێنێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/10/3

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆر (عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)

بەڕێز خانەوادەی ڕۆشنبیر و نووسەری ناودار گەلەکەمان پرۆفیسۆر (عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)

بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی ڕۆشنبیریی و ناوداری گەلەکەمان(پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ) مان بیست، بەو بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس وکار و بنەماڵەکەتان دەکەین.

کۆچی دوایی ئـەو ئـەدیب و نـووسـەرە پێشکەوتنخوازە، کە خاوەنی دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی بواری جیاجیاکانی مەعریفی بوو، خەسارەتێکی گەورەیە لە بـواری ئـەکـادیمی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی، بۆیە گەلەکەمان گەنجینەیەکی دیکەی بەنرخی لەدەستداو کەلێنێکی دیاریش کەوتە نێو بواری ئـەدەب و کولـتووری نـەتـەوەکـەمـان.. هیواخوازین هاوخەمیی هاونیشتیمانیان و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەمەکانی خوالێخۆشبوو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمـات دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە ڕوحی پاکی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

پرسەنامەیەک ئاراستەی خانەوادەی عیزەدین مستەفا ڕەسول دەکات

د.ڕێواز فـایـەق سـەرۆکی پـەرلـەمـانی کـوردسـتـان بۆ کۆچی دوایی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەکەی کرد و دەڵێت: "کوردستان یەکێک لە گەورەترین ئەکادیمیست و تۆێژەرانی بـواری مێژوو و زمـان و ئـەدەبی کـوردی لـەدەسـتـدا"، ئـەمـەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەبۆنەی کۆچی دوایی نووسەرو ڕووناکبیری گەورەی کورد پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول پرسەنامەی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو کەسوکارو سەرجەم ڕۆشنبیرانی کوردستان دەکەین، زۆر بەداخەوە بەلەدەستدانی پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول کوردستان یەکێک لە گەورەترین ئەکادیمیست و تۆێژەرانی بواری مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی لەدەستدا، مامۆستا بە قەڵەم و هەڵوێستەکانی لە ماوەی ژیانیدا گەورەترین خزمەتی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردووە، بەکۆچی دوایی خوالێخۆشبوو کتێبخانەی کوردی کەلێنێکی گەورەی تێکەوت، داواکارم لە خوای گەورە سەبووری خانەوادەو کەسوکاری مامۆستا عزەدین مستەفا ڕەسوڵ بدات و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات.

د.ڕێواز فایەق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
2019/10/3

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:

د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ناوێکە هەمیشە بەگەشی لەمێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوە

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول کرد، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هەواڵی کۆچی دوایی ئەکادیمی و مێژوونووس و گەورە ئەدیبی کورد و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا ڕەسول خەمباری کردین، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆم و تەواوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ئەدیب و ئەکادیمیستەکانی کوردستان دەکەم.

د.عیزەدین مستەفا ڕەسول ناوێکە هەمیشە بە گەشی لەمێژووی کوردستاندا دەمێنێتەوە زیاتر لە 60 ساڵ خزمەت و کۆشش بۆ نەتەوەکەی شایانی ڕێز و پێزانینە ، داواکارم لە یەزدانی مەزن ئارامی بە خانەوادە و کەسوکاری بدات و خوالێخۆشبووش بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون
هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
4ی ئۆکتۆبەری 2019

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن بۆ خانەوادەی نووسەر و ڕووناکبیر پرۆفیسۆر (عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ):

زیانێکی دیکە و گەورە بەر بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی کەوت

بەڕێز خانەوادەی نووسەر و ڕوونـاکـبـیریی نـاوداری گـەلـەکـەمـان پـرۆفـیـسـۆر (عـیـزەددین مـسـتـەفـا ڕەسوڵ)...

خەمباربووین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی ئەدیب و ڕووناکبیری ناسراوی گـەلـەکـەمـان پرۆفیسۆر(عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ)، بەو بۆنەیەوە پرسە و سـەرەخۆشی خۆمـان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەسوکار و بنەماڵەکەتان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

پرۆفـیـسـۆر (عـیـزەددین مستەفا ڕەسوڵ) لە ساڵی 1934لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سـلێـمـانی هـاتۆتـە دنیاوە، لە نێو خانەوادەیەکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئایینپەروەردا چەکەرەی کردووەو هەرزوو تێکەڵی دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی و چالاکییە سیاسیەکان بووە.

سەرەتا لای باوکی لە مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێڵێژە ئینجا لە ساڵی 1939 لە قوتابخانەی غازی دەست بە خوێندن دەکات.

لە ساڵی 1951 لە خانەی مامۆستایان وەردەگیرێ و لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی دەگەڕێتەوە سلێمانی و لەڕێی باوکی دەکرێ بە مامۆستای سەرەتایی لە شاری قەڵادزێ، ئینجا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سلێمانی و تاوەکو سەردەمی عەبدلکەریم قاسم ناردراوەتە یەکێتی سۆڤیەت و لەساڵی 1963 پلەی دکتۆرای پێ بەخشراوەو لەساڵی 1965 گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاخ خەباتی کردووە و دواتر بە هەوڵی بارزانیی نەمر بۆتە مامۆستای زانکۆ لە بەغداو لە بەشی زمانی کوردی دامەزراوە.

پرۆفیسۆری خوالێخۆشبوو لە دوای ڕاپەڕینی گەلەکەمان بۆتە ئەندامی یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان، ناوبراو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد و ماوەیەکیش سەرۆکی یەکێتیەکە بووە.

پرۆفیسۆر(عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ) مامۆستای زانکۆ و ڕۆشنبیرێکی دیار بوو لە بواری ئەدەب و لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژووی ئەدەبی کوردی هەمیشەش خودان هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و ڕۆڵی دیار و کاریگەری هەبوو لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گەلەکەمان، ناوبراو خاوەنی 86 بەرهەمی ناوازەیەو لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا وتار و بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

بێگومان بە کۆچی دوایی ئەو ئەدیب و ڕووناکبیرە، زیانێکی دیکە و گەورە بەر بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی کەوت.. هیواخوازین هاوخەمیی هاونیشتیمانیان و دڵسۆزان و هۆگرانی بەرهەمەکانی ناوبراو ببێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

سڵاو و ڕێز بۆ ئەو قەڵەمە ڕەسەن و بەپرشت و ئاوەدان و داهێنەرەی نێو ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان..سڵاو لەو تێکۆشان و خزمەتە بەردەوام و پڕ بەخششەی پێشکەشی بە کولتوور و وێژە و زمان کردووە.

جارێکی دیکە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و خوای گەورە گیانی خوالێخۆشبوو بخاتە بەهەشتی خۆی.

انا لله وانا الیه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

کاردانەوە جیهانی و ناوخۆییەکان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراق

کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ کوژرانی زیاتر لە 90 کەس و دەستگیرکردنی 556 خۆپیشاندەری راگەیاند

عادل عەبدولمەهدی داوای هاوکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی

سائیرون و هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی کارەکانیان لە پەرلەمان هەڵپەسارد



لە رۆژی سێشەممەی رابردووەوە زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە بەغدای پایتەخت و چەند شارێکی دیکەی عێراق دەستپێکردووە، بەهۆیەوە بە سەدان کەس کوژران و بریندارببوون، کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤیش لە عێراق دەستگیرکردنی 556 کەس کە 355یان ئازادکراون، راگەیاندووە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوا لە بەغدا دەکات لێکۆڵینەوە لە کوژرانی خۆپیشاندەران بکات.

کۆمیسیۆن: 93 خۆپیشاندەر کوژراون

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لەبارەی ژمارەی کوژراون لە خۆپیشاندانەکان، رایگەیاند: بەپێی دوایین ئامار لەو خۆپیشاندانەی کە لە رۆژی سێشەممەی رابردووەوە لە شاری بەغدا و چەند شارێکی باشووری عێراق ئەنجام دەدرێن تا ئێستا، 93 کەس کوژراون و سێ هەزار و 978 کەسی دیکەش بریندار بوون، ژمارەی ئەو خۆپیشاندەرانەش کە لە خۆپیشاندانەکاندا تا ئێستا دەستگیرکراون، گەیشتووەتە 556 کەس کە 355یان ئازادکراون.

لێپێچینەوە لەو کەسانە دەکرێ کە تووندوتیژییان کردووە

دوێنێ شەممە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لەسەر بەدیهێنانی داواکاریە رەواکانی خۆپیشاندەران و دابینکردنی خواستەکانی گەنجانی عێراق کە زامنی ژیانێکی شکۆمەند بکات، بۆ گەنجان و هاوواڵتیان. هاوکات جەخت کرایەوە لەسەر لێپێچینەوە لەو کەسانەی تووندوتیژیان کردووە، بەرانبەر خۆپیشاندەران، هەروەها پاریزگاریکردن لە ئاسایش و سەلامەتی خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بۆ ڕێگریکردن لەو تاوانبارانەی کە دەستڕێژی گوللەیان کردووە بە ناو ئاپۆڕای خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا.

حکوومەت و نوێنەرانی خۆپیشاندەران دانوستاندن دەکەن

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی رایگەیاند کە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان، دەستیان کردووە بە دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران. ئەم کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانە هاتووە کە بە ئامانجی دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکان لە شاری بەغدا و چەند شارێکی باشووری عێراق خراوەنەتە گەڕ. سەرۆکوەزیران عادل دەوڵەت. ئازادکردنی دەستگیرکراوەکان. راگرتنی هەموو فەرمانەکانی دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران. قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە زیانی داراییان پێگەیشتووە. بڕینی بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران و دانی وەک مووچەیەکی مانگانە بەو کەسانەی بێکارن تا ئەوکاتەی کار دەدۆزنەوە.

داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت دەکرێت

سەرکردەی هاوپەیمانی قەرارى سیاسی، ئوسامە نوجێفی داوای لە حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی کرد دەستلەکاربکێشێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختە بە سەرپەرشتی و چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێت. هەروەها سەرکردەی هاوپەیمانی قەرارى سیاسی، کە لە کۆی 329 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران، خاوەن 11 کورسییە، داوای لە نوێنەرانی هاوپەیمانییەکەی کرد کارەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵپەسێرن. ئوسامە نوجێفی راشیگەیاندووە: لەبەر ئەوە داوا دەکەین حکوومەت دەستلەکار بکێشێتەوە و حکوومەتێکی کاتی پێکبهێندرێت و کارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵپەسێردرێت. هەروەها موقتەدا سەدر داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات، سەدر رایگەیاندووە باهەڵبژاردنی پێشوەختە بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام بدەین، ئەوەی ئێستا رووەدات لە بەکەم سەیرکردنی خۆینی هاوواڵتیانی عێراق ناکرێت لە ئاستیدا بێدەنگ بین.

سائیرون و هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی کارەکانیان لە پەرلەمان هەڵپەسارد

فراکسیۆنی سائیرون وەک وەڵامێک بۆ بانگهێشتەکەی سەرکردەی رەوتی سەدر موقتەدا سەدر، کارەکانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵپەسارد. هەروەها فراکسیۆنی سائیرون داوای لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کردووە بەرنامەیەکی حکوومی نووسراو تایبەت بە چاکسازی کە رەنگدانەوەی خواستی گەل بێت، دابڕێژێت. هەروەها هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە هاوپەیمانییەکی سوننەکانە، هەڵپەسارد نی کارەکانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران راگەیاند. هاوپەیمانی میحوەری نیشتمانی کە خاوەنی 17 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا هەڵپەساردنی ئەندامییەتی ئەندامەکانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران راگەیاند و هۆکارێکی دیکەی هەڵپەساردنی ئەندامییەتی ئەندامەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گەڕاندووەتەوە بۆ بەکارهێنانی دەسەلاتی یاساداناان لە لایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە لەکاتی لێپرسینەوە یان لەکارلادان ئەمەش وەک ئامرازێکە بۆ هەڕەشەی ئاشکراکردنی زانیاریی لەسەر چەندین دۆسیە گوماناوی لەسەر دەسەلاتی یاسادانان.

سەرۆکوەزیران داوای یارمەتی دەکات

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی داوا لە هێزە سیاسییەکانی عێراق دەکات یارمەتی بدەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە وڵاتدا. لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە: حکوومەت خۆی پابەند دەکات بە پێشکەشکردنی بەرنامەکەی و جێبەجێکردنی ئەوەی لە توانایدا بێت بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی هاوواڵتیان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار. راشیگەیاندووە: داوا لە هێزە سیاسییەکانیش دەکەم هاوکاربن بۆ هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی.

راگەیاندراوێک لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەبارەی رووداوی کوشتنی تەواوی ئەندامانی خێزانێکی پێنج کەسی لە گوندی پیرەڕەش لە پارێزگای هەولێر ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێردا کە کۆپییەکی بۆ خەبات نێردراوە، تیایدا وردەکاری چۆنییەتی رووداوەکە و دەستگیرکردنی ئەنجامدەری تاوانە خراوەتەڕوو. ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ڕێکەوتی 2019/10/3 لە نزیک گوندی (پیرەڕەش)ی شاری هەولێر، تەرمی ژن و پیاوێک و سێ منداڵ، لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشمانەوە دۆزرانەوە کە بە گوللە کوژرابوون.

دوای لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی "بەڵگەی تاوان" لەلایەن تیمە تایبەتەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، توانرا تاوانبارەکە دەستنیشان بکرێت و لە ماوەیەکی کەمدا دەستگیر بکرێت.

بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان و دانپێدانانی تاوانباری دەستگیرکراو "فریدون کەریم رەمەزان" ئێوارەی 2019/10/2هەستاوە بە کوشتنی تەواوی ئەندامانی خێزانێکی پێنج کەسی، کە پێکهاتوون لە باوک و دایکێک و سێ لە منداڵەکانیان، کە ئەم خێزانە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و نیشتەجێی گوندی پیرەڕەشی شاری هەولێر بوون. تاوانبار (فەریدون کەریم رەمەزان) سەرەتا سەرۆکی خێزانەکە بەناوی (بسام حسێن رسول)ی بە گوللە کوشتووە، دواتر هاوژینەکەی بەناوی (سوالین محمد نزیر) ئینجا هەر سێ منداڵەکانیان بەناوەکانی (حسێن 11ساڵ، روشکا 7 ساڵ و محمد5 ساڵ).

لێکۆڵینەوەکان لەم تاوانە بەردەوامە و لە ئایندەیەکی نزیکدا، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، زانیاری زیاتر دەخاتەڕوو.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر
2019/10/4

ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموار نەکرێتەوە دەنگی 200 هەزار کوردی کەرکووک دەفەوتێت

بەرپرسێکی پارتی رایدەگەیەنێت، ئەگەر یاسای هەڵبژاردن هەموار نەکرێتەوە، دەنگی200 هەزار کوردی کەرکووک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەفەوتێت.

مەریوان جەلال، بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی پارتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: وەکو پارتی داوامان کردووە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق هەموار بکرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر دۆخی کەرکووک بەم شێوەیەی ئێستا مایەوە و کۆمیسیۆن سندووق بۆ ئاوارەکان لە هەرێم دانەنێت، ئەوا 200 هەزار دەنگی کوردی کەرکووک دەفەوتێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بەڵام ئێمە هەر هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە هەر شێوەیەک بێت. ئەو بەرپرسەی پارتی ئەوەشی گوتووە: ئێستا ڕۆژانە عەرەبێکی زۆری هاوردە دەهێنرێنە شارەکەوە و تەنانەت بۆ کەسوکاری چەکدارانی داعش کە لە سنووری موسڵەوە هێنراون بۆ سنووری کەرکووک، کارتی زانیاری، هەروەها فۆرمی خۆڕاکی کەرکووکیان بۆ دەردەکرێت، بەوەش ڕێژەی دەنگی عەرەب بۆ هەڵبژاردنەکان زیاد دەکات. بڕیارە مانگی نیسانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بە کەرکووکیشەوە ئەنجام بدرێت و کوردیش لە دادگا تانەی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکە داوە بەتایبەت لە بابەتی هێنانی سندووقی دەنگدان بۆ ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تاکوو ئێستا ئەو پرسە یەکلا نەبووەتەوە و کوردیش لەو بڕیارە بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنە داوە.

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری لە کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ کرد



ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو کۆڕبەندی سالانەی ئاسایشی وارشۆ دەستپێکرد و شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە بە فەرمی بانگهێشت کرابوون، بەشداریان لە کۆڕبەندەکەدا کرد.

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکایەتیی شاندەکەی پارتی کرد. دیداری سالانەی وارشۆ بە بەشداری دەیان سەکردە و سیاسەتمەدار و دیپلۆمات و کەسانی دیاری سەربازی و ئاسایش بەڕێوەچوو، باس لە مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی جیهان کرا. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە یەکێک لە پانێلەکاندا باسی لە مەترسی و هەڕەشەکانی تیرۆر بە گشتی و بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کرد.

سیوەیلی شیکردنەوەیەکی سیاسی و ئابووریی و کۆمەلایەتی بۆ دروستبوونی بیری تووندڕۆیی کرد و ڕایگەیاند: نەبوونی دامودەزگای نیشتمانی و دادپەروەری و گۆشەگیری سیاسی و بەشداری پێنەکردنی پێکهاتەکانی کۆمەلگا لە بڕیار و سیاسەتی دەوڵەتدا، یەکێک لە هۆکارە دیار و بەرچاوەکانی دروستبوونی بیری تووندڕۆیی و هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتان.

دەربارەی هەرێمی کوردستان و عێراقیش چەختیشی کردەوە، بۆ شەڕی تیرۆر، پێویستە حکوومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا و لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری تیرۆریستان کە بوونەتە هەڕەشەری گەرە و سەرەکی لەو ناوچانەی کێشەلەسەرن و ئەمەش بە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور دەتواندرێت کۆتایی پێبهێندرێت. گوتیشی: پرسی کورد و دەوڵاتان و گەلانی ناوچەکە پێویستی بە تێگەیشتن و ڕێزگرتنە لە داخوازی و مافەکانی یەکدی و ئەگەر ئەمە بکرێتە بنەمای گفتوگۆ لەو باوەڕەاین نزیکبوونەوە باشتر دروست دەبێت و سەقامگیری زیاتر بۆ ناوچەکە بەرقەرار دەبێت.

گوتیشی: ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خاوەن سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی مرۆیی و سرووشتی و بە بەدەستهێنانی ئاسایش و ئارامی دەتوانێت بەرەو پێشەوەچوونی زۆر بەخۆوە ببینێت و پێشکەوتنی ئابووریی و خۆشگوزەرانی بەدیتبهێنێت.

80٪ی کارەکانی پرۆژەی خانووی شەهیدانی پارتی تەواو بووە



پرۆژەی خانووی کەسوکاری شەهیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پاریزگای سلێمانی قۆناغی باشی بڕیوە و سەرپەرشتیاری پرۆژەکەش باس لە دواهەنگاوەکانی دەکات. ئارام عەلی، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەهۆی شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و قەیرانی دارایییەوە، کارکردن لە پرۆژەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕاگیرا، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە ئێستا 80%ی کارەکانی پرۆژەکە تەواو بووە و دەست بە تەواوکردنی هەموو پرۆژەکە کراوەتەوە. پرۆژەی دروستکردنی 500یەکەی نیشتەجێبوون بۆ شەهیدانی پارتی لە سلێمانی، بەپێی ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی گەورەی دروستکردنی1300 یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خزمەتگوزاریی ناو خانووەکان ڕایگەیاند: قوتابخانەیەکی 18 پۆلی لەناو پرۆژەی دروستکردنی خانووەکاندایە.

کەسوکاری شەهیدانی پارتی لە سلێمانی، هەڵەبجە، ڕاپەڕین و گەرمیاندا جێبەجێ دەکرێت. ئەو ئەندازیارە دەربارەی پرۆژەی

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بۆ هاوکارمان کامەران محەمەد

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاڵی بەڕێزتانمان پێگەیشت، بەناوی سەنووسەرو تەواوی ستافی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەو بەڕێزو خانەوادەکەتان دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شادبکات و سەبووریش بە خانەوادەکەتان ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون


دەبان

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆم و بنەماڵەکەمانەوە پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە لە پرسەی هاوسەری کۆچکردووم ئامادە بوون و لە خەمی ئێمەیان کەم کردەوە، بەتایبەتیش سەرجەم بەرپرسانی حزبی و حکوومی و سەربازی و هونەرمەندان و ئەدیبان و ڕۆشنبیران و خزمان و دۆستانی بە ئەمەک و ئەوانەش کە بە نامەو تەلەفۆن پەیوەندییان پێوە کردین، خودا پاداشتی بەخێری هەموو لایەک بداتەوە.

مەجید خۆشناو

پارتی و پارتی یەکێتیی تورکمانی عێراقی چەند پرسێک تاوتوێ دەکەن



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە د.سەیفەدین دامرچی سەرۆکی پارتی یەکێتی تورکمانی عێراقی و دکتۆرە ساهیرە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و مستەفا کەرکووکی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بارتی یەکێتی تورکمان کرد.

لە دیدارێکدا بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواین پێشهات و گۆڕانکارییەکان و پرسی کێشەکانی شاری کەرکووک و هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پارێزگای کارکوک بەتایبەتی و گفتوگۆکانی نێوان هەولێرو بەغدا بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەی گونجاو بەپێی دەستور خرایە بەرباس و گفتوگۆ، هاوکات هەردوولا تەئکیدیان لە پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەی کوردو گەلی تورکمان و خەڵکی کوردستان کردەوە، هاوکات هەردوولا پاڵپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵک و باشترکردنی باردۆخی ناوچەکە دووپات کردەوە

پارتی و ANKS جەخت لە یەکڕیزیی نێوان هێزە کوردستانییەکان دەکەنەوە



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق، پێشوازی لە شاندێکی ANKS کرد بە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم میران و نوێنەرانی پارتەکانی کوردستانی نێو ANKS. لەو دیدارەدا، بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و ڕۆژئاوا گفتوگۆیان لەبارەوە کرا کە ڕووەو گۆڕانکاری نوێ هەنگاو دەنێت، پێیان وابوو دۆخەکە هەستیارەو پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی هەیە. هەر لەو دیدارەدا، جەخت لە پتەوکردن و بەرەوپێشوبردنی پەیوندیەکانی نێوانیان کرایەوە و بەرپرسی لقی دوو ئاماژەی بەوە کرد کە باشووری کوردستان بووە پەناگەی ئارامی هەموو ئەو کوردانەی ڕۆژئاوا کە لە ترسی شەڕ ناوچەکانی خۆیان جێهێشت،حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تەواوی هاوکاری مرۆیی پێبەخشین. لە بەشێکی دیکەدا ئەحمەد کانی دووپاتیکردەوە تەواوی هێزەکانی کوردستان دەبێ لەپێناو پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەوڵی خۆیان بدەن و ببنە بەشێک بۆ دوور خستنەوەی هەر هەڕەشەیەک لەسەر کوردستان بە گشتی.

وەزیری ناوخۆ:
تاوانباران بە سزای یاسایی خۆیان دەگەن



ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ ئەو پۆلیسە و کەسوکارەکەی دڵنیا کردەوە کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکدا بریندار کرابوو، و ڕایگەیاند کە دەستدرێژیکردنە سەر پۆلیس دەستدرێژیکردنە بۆ سەر یاسا و دەسەڵاتی جێبەجێکردن. لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ لای ئەو پۆلیسە لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی و دڵنیابوون لە ڕەوشی تەندروستیی. ڕێبەر ئەحمەد نیگەرانیی خۆی لەو کارە نایاساییە نیشان دا و بە پۆلیسەکە و کەسوکارەکەشی ڕاگەیاند کە ئەوان وەک وەزارەتی ناوخۆ لێپێچینەوە لەو ڕووداوە دەکەن و دڵنیاشی کردنەوە کە تاوانباران بە سزای یاسایی خۆیان دەگەن. لەبەرامبەریشدا کەسوکاری پۆلیسەکە سوپاسی وەزیری ناوخۆیان کرد بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە و متمانەی خۆیان بە سەروەری یاسا و گەڕاندنەوەی مافیان لە ڕێی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

بەرپرسی لقی 16: خزمەتکردنی نیشتمان و نەتەوەکەمان ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکە



بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی و تەیب زرار شێرەوانی و ئاواره هەولێری و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانی لق و قایقامی قەزای خەبات و بەشداربووانی خولەکەو ژمارەیەکی زۆر لەکادیرانی سنوورەکە، لە مەراسیمێکی جوان و شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی خەبات بۆ ژمارەیەکی زۆر لەکادیرانی سنوورەکەی کردبووبەوە.

لەدەسپێکدا بەرپرسی لقی16 وێڕای سوپاسی بۆ ڕێکخەران و وانەبێژانی خولەکە کە لەماوەی مانگێکی تەواودا ماندوو نەناسانە ئەو ئەرکەیان ڕاپەڕاند، ئاماژەی بەگرنگی ئەو جۆرە خولانە کرد لەپێناو فراوانترکردنی هزری تاکەکان و پێگەیاندنیان لەبوارە جیاجیاکاندا بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو زاست و زانیارینەی لەماوەی خولەکەدا فێری بوون بتوانن خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بکەن کە ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمانە.

لەبەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی ئامادەبووەوە دیاری ڕێزلێنان و بڕوانامەی دەرچوون بەخشرایە وانەبێژان و بەشداربووانی خولەکە.

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی 55 تاوانباری ڕاگەیاند

دوێنێ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر لیوای ماف- عەبدولخالق تەلەعەت عوسمان، لە پریسکۆنفراسێکدا، چەندین تاوانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستە ڕوو، کە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ڕوویان دابوو. لیوا عەبدولخالق تەلەعەت ڕایگەیاند، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا55 تاوانبار 32 تاوانیان لە هەولێر و دەوروبەری ئەنجام دابوو، کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە قۆزبەست کراون و لە ئێستاشدا بە فەرمانی دادوەر و بەپێی ماددە یاساییەکان بەند کراون و سزا دەدرێن.

تاوانەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: ماددەی هۆشبەر: لە 4 تاواندا 11 تاوانبار دەستگیر کراون. کوشتن: لە 6 تاواندا 8 تاوانبار دەستگیر کراون. دزی: لە 20 تاواندا 33 تاوانبار دەستگیر کراون. ساختەکاری: لە 2تاواندا 3 تاوانبار دەستگیر کراون.

وەزیری ئەوقاف بۆ گییۆم پوپۆ: جوانترین نموونەی پێکەوەژیانمان نیشانی جیهان داوە



لەدیوانی وەزارەت د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی پێشوازیی کرد لە گییۆم پوپۆ بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندیەکانی یەکێتی ئەورووپا نێردەی یەکێتی ئەورووپا لەعێراق. لە دیدارێکدا وەزیری ئەوقاف تەئکیدی لە خاڵی بەهێزی کوردستان کردەوە کە ئەویش پێکەوەژیان و گیانی پێکەوەیی نێوان پێکهاتەکانی کوردستانە.

هەروەها پێشنیاری کرد کە یەکێتی ئەورووپا زێتر هاوکارو یارمەتیدەری هەرێم بێت بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە هەموو پێکهاتەکان. هەروەها ڕایگەیاند: تابلۆی پێکەوەیی هەرێمی کوردستان ڕەنگاو ڕەنگ و جۆراوجۆرە بۆیە جوانترین نمونەمان نیشانی جیهان داوە. بۆ ئەمەش دەرگای هەرێمی کوردستان کراوەیە بۆ هەر لایەن و دامەزراوەیەک کە بیانەوێ بڕەو بە پێکەوەژیان و گیانی خۆشەویستی بدەن.

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر: تەرمی خانەوادە پێنج کەسییەکە ڕەوانەی زێدی خۆیان کرانەوە



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر هۆگر عەزیز لەلێدوانێکدا سەبارەت بە کوشتنی هەر پێنج ئەندامی ئەو خێزانە ئاوارەیەی سووریا کە لە گوندی پیرەشی سەر بە پارێزگای هەولێر دوو ڕۆژ لەمەوبەر کوژران، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو 2019/10/3 لە بوونی حاڵەتی کوشتن لەلایەن بڕیانامانەوە لە ئاسایش ئاگادارکرانەوە، چوونە شوێنی ڕووداوەکە و پێنج کەس لەیەک خانەوادەدا لەڕێگەی فیشەکی چەکی کلاشینکۆفەوە کۆتایی بەژیانییان هێنرابوو، پاشان لەڕێگەی ژووریکی عەمەلیاتی لێکۆڵینەوە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کرد و سێ گومانلێکراو دەستگیرکران و دواتر لەڕێگەی گرتەیەکی ڤیدیۆییەوە دەردەکەوێت کاتژمێر یەک و نیوی نیوەڕۆ یەکێک لەو گومانلێکراوانە کەسی کۆژراو لەنا ئۆتۆمبیلەکەی ئەودا دەبێت و دەچن بۆ شوێنێک و دواتر دەرکەوت ئەو کەسە کوشتنەکە و تاوانەکەی ئەنجامداوە، دەستمان بەسەر چەکی بەکارهاتوو لەو تاوانەدا گیراوە و کەسەکە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. هەروەها سەبارەت بە تەرمی ئەو پێنج کەسەی لەلایەن ئەو کەسەوە وەکو پۆلیس دەڵێت کۆژراون، هۆگر عەزیز گوتی: لەلایەن پزیشکی دادوەرییەوە پەیوەندییمان پێوەکرا سەبارەت بە تەرمەکان کە بە ونبوو هەژمارکرابوون و ناوی کەسەکان دیاری نەکرابوون، پەڕاوەکانمان بۆ ڕەوانەکردن و ناوی تەرمەکان دیاری کران و لەلایەن بەڕێز پاریزگاری هەولێر د.فرسەت سۆفی تەرمەکان بەڕێزەوە ڕەوانە کرانەوە. گوتیشی: وەکو چۆن پاریزگاری هەولێر بەڵێنی دا کە ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەر بەو تاوانە بگیرێتە بەر، ئێمە هەمان بەڵێن دەدەین کە سەرجەم کارە پێویستەکان دەکەین بۆ کردنەوەی پەڕاو و لێکۆڵینەوەی کۆتایی بکەین و ڕەوانەی دادگا بکرێت و ئەو تاوانبارە دانی بەتاوانەکەشدا ناوە. هەروەها گوتیشی: تاوانەکە لەبەر ئەوەی لێرە ئەنجامدراوە بۆیە یاساکانی ئێرە بەسەر کەسی بکۆژدا دەسەپێنرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە بەمەبەستی راستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی تۆماری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی پڕۆژەیەک لە سێ پارێزگای هەرێم ڕادەگەیەنێت

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە: ژمارەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی زۆر لەوە زیاترە کە تۆمارکراوە

ڕاپۆرت: عەلی بانیشاری

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت بەشێک لەو کەسانەی وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تۆمارکراون شایستەی ئەوە نین ناویان لە لیستی بەرکەوتووانda هەبێت. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەش بەمەبەستی دووبارە ڕاستکردنەوەی و زیادکردن و ڕێکخستنەوەی تۆماری بەرکەوتووانی ئەو چەکە کۆمەڵکوژە پڕۆژەیەک لە هەرسێ پارێزگای هەڵەبجە و هەولێر و سلێمانی ڕایدەگەیەنێت. د.ئازاد مستەفا دەڵێ" ئامانج لە پڕۆژەکە ساردێژکردنی بریتی 31ساڵەی ئەو بەرکەوتووانەیە کە هەندێکیان دەبێت مانگانە شایستەی دارایی هەبێت و تائێستا حکوومەت بۆی نەکردوون".



سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە:

بەشێک لەو کەسانەی پێشتر وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تۆماکراون بەرکەوتوو نین

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە سەرتاسەری کوردستان 972بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی هەن کە 486 کەسیان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەن. لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەکە بە (خەبات)ی گوت" بەشێک لەو کەسانەی وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تۆمارکراون شایستە نین و هەندێک بەرکەوتوویش کە شایستەن لە لیستی بەرکەوتووانdا نین". گوتیشی" بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی تەنها لە هەڵەبجەن نین، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆری زووترین کات ناویان دەربهێنرێت". ئەم وتانەی د.ئازاد مستەفا پشتڕاستکردنەوەی قسەی لوقمان عەبدولقادرە کە دەڵێت" تۆماری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی کەسانی ناشایستەی تێدایە".



د. ئازاد مستەفا

بەرکەوتووی ئەو چەکە لە سنوری پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێریش هەن". لوقمان عەبدولقادر پێی وایە ئەو کەسانەی وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تۆمارکراون دەبێت دووبارە پشکنینی پزیشکیان بۆ بکرێتەوە، تا ئاماری دروستی بەرکەوتووان دیاری بکرێت.

د.ئازاد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە بە (خەبات)ی ڕاگەیاند" هەڵەبجە چڕترین ناوچەی کوردستان لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویدا، هەر لەبەر ئەوەیش بەڕێوەبەرایەتیمان هەستاوە بە ڕاگەیاندنی پڕۆژەی دووبارە ڕاستکردنەوە و ڕێکخستن و زیادکردنی تۆماری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی". گوتیشی" بەشێک لەو کەسانەی لە تۆماری بەرکەوتووانdا هەن پێویستە بە پزیشکێک بچن بۆ پشکنین".



کامیل عەبدولقادر بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی

هەڵەبجە ئەوەشی گوت" ئەو کەسانەی کە تائێستا وەکو بەرکەوتوو تۆمار نەکراون و شایستەشن پێویستە قەرەبووی مادی یان مەعنەوەی بکرێنەوە". دەشڵێت" ڕۆژانە هەم خۆم هەم لە نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە پێشوازی دەکەین لەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرکەوتووی ئەو چەکە کۆمەڵکوژەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژمارەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی زیاترە لەوەی کە تۆمارکراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئامارەکە لە زیادبووندایە".

ناوبراو دەڵێ" بۆ بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەی ڕێکخستنەوەی تۆماری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لیژنەیەکی فرە پسپۆڕ بە هەمئاهەنگی وەزارەتی تەندروستی و شەهیدان و دادگا و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی بەرکەوتووان لەسەرانی سەرەی کوردستان دروست دەکەین". سەبارەت بە کاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکە ؟ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە گوتی" پڕۆژەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەخرێتە بەردەم بەڕێز وەزیری تەندروستی، پاش هاتنەوەی ڕەزامەندی و تاوتوێکردن و گەنگەشەکردن هەندێک لەو بابەتانەی کە جێگەی سەرنجە، پڕۆژەکە دەکەوێتە واری جێبەجێکردن".


سۆران.. ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیادی کردووە

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا 10هاوڵاتی بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە









خەبات: ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

بە پێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران کە سەرپەرشتی کەرتی هاتوچۆی هەرچوار قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان و میرگەسۆر دەکات لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە کۆی (87) ڕووداوی هاتوچۆدا (10) هاوڵاتی گیانیان لە دەستداوە، ئەمە جگە لە بریندارببوونی (121) کەسی دیکە، لەمبارەیەوە ڕائید (دلاوەر لەتیف یەحیا) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن وپێوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران بەمشێوەیە بۆ خەبات هاتە دوان.

(10) هاوڵاتی گیانیان لە دەستداوە


ئاشکرایە ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە جیهانی ئەمڕۆدا بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر گیانی تاکەکانی کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت بەردەوامیش وڵاتە پێشکەوتووەکان بە شێوازی جیاجیاوە هەولی کەمکردنەوەی ڕووداو و قوربانییەکانیان داوە، لە هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو هەوڵێکی جیددی بۆ هوشیاری زیاتر بە شوفێران و چاککردنی ڕێگاوبانەکان بە شێوازێکی ستاندارد دراوە، بۆیە بە مەبەستی زانینی ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و ڕواندز و چۆمان و میرگەسۆر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران ڕایگەیاند، لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران و چۆمان و میرگەسۆر و ڕواندزەوە (87) ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە کە بە هۆیەوە (10)هاوڵاتی گیانیان لە دەستداوە، زیاتر لە (121) هاوڵاتیش هەر بە هۆی ڕووداوەکانەوە بریندار بوونە.

هۆکارەکان

هەر لە درێژەی قسەکانیدا ڕائید (دلاوەر لەتیف یەحیا) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران، سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ وتی: بە شێوەیەکی گشتی (70%) ڕووداوەکانی هاتوچۆ بە هۆی پابەند نەبوونی شوفێرە بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، هەروەها (20%) ش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی لە ئۆتۆمبێلەکان و (10%) ش بۆ خراپی ڕێگاوبانەکانی سنوورەکەمان دەگەڕێتەوە کە ناوچەیەکی شاخاوییە، بە تایبەتی ڕێگای هاملتۆن کە بەشی زۆری ڕووداوەکان لەو ڕێگەیە بووە. هەروەها بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پێوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران ڕایگەیاند، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیادی کردووە بەڵام خۆشبەختانە ئامارەکانی گیان لەدەستدان کەمی کردووە.

یادی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتی سۆڤیەت و هێنانەوەی تەرمی نەمران بۆ بارزان





ئا/لاپەڕەی کاروباری کوردستانی - سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی
وێنەکان: ئەرشیفی ڕۆژنامەی خەبات

- Preparation and revision of Company QA/QC Procedures
- Review of Contractor ITPs & Quality Plans
- Reporting and auditing of QC Activities
- Ensuring compliance with applicable engineering drawings, industry codes and company standards.
- Review of contractor submitted As-Built drawings and documents.
- Management of technical queries in conjunction with the Engineering team.
- Management of Non-Conformance.
- Development of Project filing structure and supporting PQMS quality tools

Required Qualifications & Experience:

- >10 years of experience in construction projects, preferably within the oil and gas industry.
- BEng, relevant BSc degree, Technical diploma or relevant equivalent experience.
- Experience in contractor management and contract procedures with regards to Quality Assurance & Quality Control.
- Proven track record in both developing PQMS and Implementation.
- Familiar with commonly used project management concepts and tools, used to contribute project control information.
- A proven level of competency and execution in Non-destructive testing methods.
- A proven level of competency and execution in Welding Inspection.
- A proven level of competency and execution in Auditing.
- Membership of a professional body such as Quality Institute, BINDT, IRCA,ASNT etc

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بە پێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Drilling Supervisor (12 months fixed term)
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

The Senior Drilling Supervisor has overall wellsite responsibility for the supervision of well operations. Provides HSSE and operations leadership in the execution of well programs (drilling, completion, workover).

Key responsibilities, but not limited to:

- Assures the issuing and dissemination among the rig site personnel of all Emergency Response Plans to handle unscheduled events when occurring.
- Conducts Safety Drills related to well control and other potential hazards involved in well operations
- Ensures well control event preparedness (SCR's, Leak off Tests, BOP Tests, kick sheets, shut in procedure etc.).
- Ensures stuck pipe event preparedness (Drillers' first actions, maximum allowable overpull, fishing equipment etc.)
- Attends the rig floor to supervise critical activities such as (but not limited to) landing, cementing, and testing casing; flow checks, and while pulling the first ten stands while tripping
- Prepares Standard Equipment Lists (if applicable) in a timely manner for each phase of the well.
- Ensures Material Requests are issued in a timely manner to avoid disruption of operation.
- Responsible for checking equipment on site to ensure readiness. (QA/QC)
- Documents within 24 hours any failure or incident report (in SYNERGY where access possible)
- Mentors junior staff at the wellsite
- Assesses readiness of rig crew for well control events by conducting regular drills.

Required Qualifications & Experience:

- 20 years' experience as Assistant Driller/Driller/Junior Drilling Engineer/Well Site Drilling Engineer/Drilling Supervisor, with a minimum of 10 years as Drilling Supervisor.
- A valid IWCF Certificate.
- H2S Awareness Training and Certification
- Safety courses required to carry out work at site and in accordance with company policy and as required by Country law and regulations

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

فەرمانگەی دادنووسی هەولێر/١

بەپێی داوای داواکار (کاوە یاسین رسول) و سکاڵای لەرێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە لەگەڵ فەرمانبەری تایبەتمەند چووین بۆ جێگای ئامێرەکان لە (رێگای کەرکوك پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.

ئامێرەکان:-

١- چوار فانی هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤٠*K.W٤.

٢- ٦٤ سایلۆی خەزانی موادی عەلەف بێ ژمارە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦٤*١٠ ٤٥ طن*٦٤.

٣- شازدە سایلۆی خەزنی دەرمان پرۆتین بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٦*٥ ١ طەن.

٤- ١٠ مصعدی بەسەر خستنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠*١٠.

٥- جاروشەی ووردکردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٢٠٠. گەورەن.

٦- دوو خەڵاتی تێکەڵ کردنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤*٣٠.

٧- چواردانە کاپیسەی کەپسی عەلەف بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٨*٢٠ گەورەن.

٨- غرفە سیطرةی ئامێرەکان بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.

٩- دوو هۆپەری بەسەر خستنی مواد بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥ *٢.

١٠- کۆمپرێسەری هەوایی تورکی دوو پارچەیی بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠.

١١- دوو بۆیلەری هەڵم و بوخار ئیرانین بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٥,٥.

١٢- سێ دانە تێکردن و کێشان و دوورین بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*١٠.

١٣- ووردکردنی عەلەف بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥.

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە:٢٢/ق.م/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣

جاردان

بۆ داوالێکرا: (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەنج سەرەرای کارەکەی) شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (نیازی محمد شاکر) داوای ژمارە ٢٢/ق.م/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردوە تیایدا داوای (طلب اذن دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گوندی ئینگلیزی) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢٤ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەرنا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥٠/ت/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٧٦٨١٤/هەلێر) جۆری (مازدا صالون) مۆدیل (١٩٩٠) رەنگی (شین) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (کامران صدیق احمد) لە رۆژی (٢٠١٩/١٠/٢٣) کاتژمێر (١٢) نیوەرۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (٤,٢٠٠,٠٠٠ دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٧٦٠/ك٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٩/٢٩

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ممتاز عبدالقادر محمود
ئاگادارکردنەوە (سزا)

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٧٦٠/ك٢٠١٨/٢ لە رێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥ لەسەرت بە بەندکردن بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ، بەپێی ماددەی ٤٥٣ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخوی رۆژانە پێت رابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون (الاعتراض) لەماوەی یاسایدا ٣ مانگ لەرۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (١) یەك مانگ بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.

دادوەر/ حسن علی مراد امین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٣٢/ك٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دلشاد محمد محمود
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٣٢/ك٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/٢٦ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ هەولێری نوێ بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٦٦/ك٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هولیا قباخ شکر
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٦٦/ك٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/١٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٤٦ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٤٣/ك٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٥

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دەرباز جلال حمد
ئاگادارکردنەوەی سزا

ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٤٣/ك٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٦/١٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦ لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ کوێستان بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٨٢٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٣

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (اطلسی باکوور) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (اطلسی باکوور) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٣٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هۆگر انور اسماعیل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٣

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٨١٠١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (النسر الطائر) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (النسر الطائر) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین نوری عباس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ١٨٠٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (M.R.J) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی و دابین کردنی کەل و پەل و ئامێری ئەلیکترۆنی و خزمەتگوزاری چاککردنەوە و مەشقی پیشەیی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (M.R.J) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی و دابین کردنی کەل و پەل و ئامێری ئەلیکترۆنی و خزمەتگوزاری چاککردنەوە و مەشقی پیشەیی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (لاوەند نوزاد محمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Chef Trainer (12 months fixed term)
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key responsibilities, not limited to, but including:

- Ensure compliance with health, hygiene and safety regulations.
- To deliver an effective and efficient catering facility, encompassing menu planning, budgetary control, stock management, and ensuring kitchen health and hygiene regulations are met.
- To lead, manage and deploy a team of catering staff to ensure the efficient organization of the catering department.
- Schedule staff rotations and shifts in coordination with Tawke Camp Coordinator.
- To be accountable for inspections undertaken by Tawke Medic I Tawke HSE Advisor ensuring that the necessary Health, Hygiene and Safety requirements are met.
- To promote teamwork and to motivate staff to ensure effective working relations and communication.
- To continue personal professional development, researching, requesting and undertaking relevant training for all concerned, to oversee the development of national staff.
- To maintain and keep accurate stock records for all provisions, and kitchen equipment.
- To deliver significant improvement of food hygiene and quality for Tawke field catering.
- To ensure that the maintenance for all equipment is current and arrange for the necessary checks at renewal.
- To ensure that all catering personnel maintain high standards of cleanliness, personal hygiene and appearance.
- To plan, control and direct the production and service of meals, to develop a three-week cycle of menu, catering for all dietary and nutritional requirements.

Required Qualifications & Experience:

- Computer literate with ability to use Microsoft: Outlook, Word, Excel, PowerPoint.
- Work experience as a Catering Manager, Restaurant Manager or similar role.
- Understanding of food hygiene best practices.
- Hands-on experience with creating weekly menus.
- Excellent organizational and time-management skills.

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Process Engineer (12 months fixed term)
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Key responsibilities:

- Initiate, develop and manage intelligent process engineering systems and procedures. (P&ID, HYSIS, PIPSIM)
- Implementation of multi-disciplinary brownfield projects from design phase through to commissioning and handover.
- Direct Process Engineering and/or Contractors activities with respect to Process Engineering (on occasion).
- Participate in Model (30%/60%/90%), HAZID, HAZOP, SIL, QRA and constructability reviews
- Ensure Process Data Sheets and Specification for long Lead items are issued to enable earliest placement of enquires.
- Ensure vendor documentation is properly managed and comments returned in a timely manner to the vendor.
- Prepare, review and approve internal (Process) technical procedures and scope changes
- Coordination with other DNO project discipline engineering team members / CAD Operators and other internal stakeholders
- Monitor process engineering progress and ensure necessary information flow to / between disciplines and CAD Operators to meet project milestones. Contribute and provide process engineering project status reports.

Required Qualifications & Experience:

- Degree qualified.
- >10 years of experience in capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry.
- Have a wide range of technical skills and experience and knowledge of practical process techniques and equipment in a brownfield environment typically including 2 & 3 phase separation, crude stabilization, H2S removal, water treatment, gas dehydration and sweetening, and process control and safety design.
- Hands on experience with construction and commissioning.
- Experience in developing technically acceptable, constructible and operable cost-effective solutions to complex problems in a brownfield environment.
- High level of proficiency in engineering software (HYSIS, FlareNet)
- Knowledge and understanding of modularized process plant design and installation

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کێ بەرپرسیارە لەخراپی و بێ سیستەمی باخچەکانی منداڵان؟

ژیان نەقشبەندی: کاتژمێرەکانی دەوام لەباخچەکانی منداڵان تا کاتژمێر یەک دریژدەکرێتەوە

خەبات/ ڕۆشنا عەلی

ڕەوشی باخچەکانی منداڵان بە جۆرێک ئاڵۆزە کە لە نێوان بێ پرۆگرامی یەکگرتوو بێ سیستەمی گشتگیر ماوەنەتەوە ، کە هەر باخچەو بە بەرنامەیەک بەڕێوە دەچێت بەرچاوڕوونی لای مامۆستاو منداڵ و کارگێڕی باخچەش نییە ، ئەگەر سااڵنی ڕابردوو ڕەوشی خوێندن لە بەر قەیرانی دارایی لە خراپیدا بووبێت ئایا بۆ ئەمسااڵی خوێندن ئەم ڕەوشە هەر بەمجۆرەی ئێستا دەمێنێتەوە وبەردەوام دەبێت ؟ زۆری منداڵان لە باخچەکان لە ڕووی ژمارەوە بۆچی چارەسەرێکی بۆ نادۆزرێتەوە؟ بۆچی پرۆگرامێک دانانرێت کە گشتگیر بێت و هەموو باخچەکان لەسەری بڕۆن و هەر باخچەو پرۆگرامێکی نەبێت ؟بۆچی کاتی دەوامی باخچەکان جیاوازە؟ ئەمانەو چەندین پرسی دیکەی تایبەت بە باخچەکانمان ئاڕاستەی ژیان عەفان، یاریدەدەری بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی هەولێرکردەوە.



ئەگەر مامۆستایان باخچەکانیان بەجێبێشت دەرچوونی بەشی باخچەکان وەک وانەبێژ دادەنێین

بۆ ئەمسااڵی خوێندن پلانمان داڕشتووە لە پارێزگای هەولێرو هەموو پەروەردەکان یەک سیستەم و یەک ژمارە بەشە وانەو پرۆگرام بێت

پلانی پێویست

سەرەتا دەربارەی پلانی پێویست بۆ ئەمسااڵی خوێندن کە ئایا چ پلانێک هەیە لە باخچەکان و کێ دایدەڕێژێت و کێ بەدواداچوونی بۆ دەکات ئەگەر هەبێت؟ ژیان عەفان ئامادەی بەوەدا کە ئەوان پلانییان هەیە ئەو لەمبارەیەوە وتی: من بەرپرسم بەرامبەر باخچەکان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان بێگومان سااڵنە دەبێت پلان و بەرنامەی خۆت دابنێیت ئێستا ئێمە بەرنامەی خۆمان داناوە بۆ ئەمسااڵی خوێندنی -2019 2020بۆ ئەوەی پلانێکمان هەبێت کە بە هەمووماں وەک تیمێک کاربکەین هەم بەڕێوەبەری باخچەکان و مامۆستایان و ئێمەش وەک سەرپەرشتیاران بەدواداچوونی کارەکانییان ئەکەین ، هەندێک بەرنامە دابنێین یەک لەوانە بەشە وانە کە زۆر زۆر گرنگە لەبەرئەوەی لە باخچە بێت یان لە قوتابخانەی بنەڕەتی بێت ئەبێت مامۆستا بزانێت چ بابەتێک ئەلێتەوە؟ هەفتانە چەند وانەی هەیە؟ ئێستا ئێمە لێژنەیەکمان دروستکردووە ئەو لێژنەیە پێکهاتووە لە سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری باخچەکان کە ئەو بابەتانەمان هەموو بژگەلاڵە بکەن بکرێتە شێوەی مەلزەمەیەک هەتا بتوانین ئێمە لە پاریزگای هەولێرو سەرانسەری قەزاکان یەک بابەت بێت و یەک ژمارە بەشە وانەو پلان بێت هەم لەسەر تۆمارەکان و هەم لەسەر ئەو لیژنانەشی لەناو باخچەکانن بۆئەوەی هەرکەسێک کارەکانی خۆی بزانێت.

ئەوەی ئەبینرێت لە باخچەکاندا تێکەڵییە لە نێوان کاری چاودێرو کاری مامۆستا و ئەمە جیانەکراوەتەوە مامۆستا وەک چاودێر ئیش ئەکات و چاودێر وەک مامۆستا ئایا کارتانکردووە لە پلانی ئەمسال ئەرکی هەردوکیان دیاریکرێت؟

ئێمە لە باخچە (وحدە الخبرە) (یەکەی پسپۆڕی)مان هەیە لەگەڵ وێستگەکان ئێمە لە ساڵەکان 1999وە شێوازی وێستگەمان بەکارهێنا لە جیاتی یەکەی پسپۆڕی کە یەک مامۆستا بوو ، بەڵام دواتر کرا بە وێستگەکان شەش ژوورە هەر ژوورەو چالاکی خۆی هەیە یەک لەو کارانەی خستومانەتە ئەستۆی ئەو لیژنەیە ئەوەیە کە چۆن بتوانین مامۆستا لە کام ژوور سابت بکەین منالەکانیش بگەڕێن بە ژوورەکانا هەندێک وێستگەمان هەیە هەندێک ژوورمان هەیە کە دەبێت مامۆستا جێگیر بێت و گۆڕانکاری تێدا ناکرێت هەندێک ژوورمان هەیە دەبێت دوو مامۆستای هەبێت ئەو ژوورانەش مامۆستا لەگەڵ منداڵەکاندا ئەگەرێت مامۆستا کۆمەڵێک منداڵ وەردەگرێت و بەرپرسە بەرامبەریان ،چونکە ئەو مامۆستایەی بەرپرسیاریییەتییەکەی دەخەینە



ئەستۆ دەبێت دەفتەرێکی هەبێت تەواوی زانیاری منداڵەکەی تێدا بێت ، سااڵنی ڕابردوو ئێمە ڕێنمایکارمان هەبوو لە باخچەکان پێمان ئەوت ڕابەری پەروەردەیی ئێستا لە باخچەکان نەما ئێمە ئەوەشمان خستۆتە ئەستۆی مامۆستا ، چون دێتە دەوام چ کێشەیەکی هەیە ، هەر ژوورێکیش چالاکی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ئێستا لەبەرنامەکەی دامانناوە دەمانەوێت گۆڕانکاری لە وێستگەکان بکەین پێنج خولەک دادەنێین تا منداڵەکە لە ژووڕێک بۆژووڕەکەی تر دەگۆڕێت کە مامۆستای خۆی هەیەو تایبەتمەندی خۆی هەیە ،چاودێر ئیشی مامۆستا ناکات و ئیش و کاری خۆی هەیە چاودێر هاوکاری مامۆستایە لە ژوورێکدا کە 50تا 60منداڵی تێدایە قوتابخانەکانیش کە ئێستا منداڵی باخچە وەردەگرن و دەڵێن دەبێت بڕوانامەی هەبێت زیاتر زەحمەتی کردۆتە سەر باخچەکان و هاوکات ژمارەی باخچەشمان زۆر کەمە و بەپێی پێویست نییە ، سااڵنی ڕابردوو ناچار بووین پاشکۆمان دروستکرد دەمانبینی ئەو قوتابخانانەی تازە دروستکراون بینایەکی گەورەیان هەیە



خونا و حسن سالح*

پاداشت و سزا

پاداشت هاندەرە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر بۆ چاک کردنی جۆری کار(کوالیتی) و داهێنەری بیرۆکەی نوێی بە سوود ، جۆرەها بەخشینی پاداشت هەیە لە ناو خێزان دەست پی دەکات دوایی باخچەی ساوایان و هەموو قۆناغەکانی خوێندن و قوناغەکانی سەرەوەی کارکردن، کار بە بێ پاداشت بە ڕێک و پێکی بەڕێوە ناچێت جا پاداشتەکە چ مەعنەوی بێت یان چ مادی بێت .

یاساش بەبێ سزا وەک تەنێکی بێ گیان و بێ دەستە، ڕزگار بوونی تاوانباران بەبێ سزا و لێپێچینەوەی یاسایی تەنها بەرەو ئەوەمان دەبات هەست بە نەمانی ئاسایش وسەلامەتی بکەین. ترس لە سزا وا لە هاوڵاتی دەکا پابەندی یاسا بن، کە سزا نەبوو یاساش نابێت، کە لێپێچینەوەش نەبوو ئیتر هیچ کەس ناتوانێت ڕێگە لە هیچ کەسێک بگرێ بە ئاسانی ژنان بکوژێ جەرگی دایکان بسوتینی، منااڵن بێ باوک و دایک بکات و زەفت کردنی سامان و سەروەتی گشتی...هتد لە وواڵتە پێشکەوتووەکان بۆ نموونە وواڵتی سوید هەر یاسایەک دانراوە بەرامبەریشی سزای پێشێلکردنەکەی بۆ دانراوە، لە وانەشە لە دەستوری هەموو وواڵتێک دا هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕێز لە یاساکە بگیرێت و سزاش بۆ پێشێلکردنی یاسا بۆ هەمووان وەک یەک بێت، ئەو هەموو شڵەژاوییەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە تەنها و تەنها بە جێبەجێکردنی یاسایەکی دادپەروەرانە چارەسەر دەبێت... یاسایەک بۆ هەمووان وەک یەک بێت ، بەڵام پێش جێبەجێکردنی یاسا بۆ هەمووان دەبێ «حکومەت میللەت رازی بکات وهەموو خزمەتگوزارییەکی کە لە مافەکانی خۆی دایە بۆی دابین بکات» بۆ ئەوەی لێرەدا ماف و ئەرک بەرامبەر بە یەکتر بوەستن جا ئەوەیە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتییەت، ماف و ئەرک بەرامبەر بە یەکتر بێت، نە ئەرک بە بێ ماف و نە ماف بە بێ ئەرک قەبوڵ ناکرێت... دیموکراتییەت گۆڕانکاری نییە بەڵکو بەرهەمی گۆڕانکارییە ئەو کاتە میللەت هەست بە دادپەروەری دەکات و بە سینگێکی فراوان گوێ ڕایەڵی هەموو یاسایەکان دەبێت و قەبوڵی دەکات و دڵ و دەروونیان شاد دەبێت.

*** شارەزا لە بواری پەروەردەی نوێ.**

هەردوو قۆناغ وانە دەخوێنرێت و ئاسایییە؟

بیگومان بۆ باخچە پرۆگرامێک نییە بدرێتە دەست منداڵ ئەو دوو کتێبەی داناوە ئەوە دەکرێت منداڵ هەندێک وێنەی تێدا بکات هەرچەند کەم و کوڕی تێدا بوو لە هەموو دنیاشدا فێرکردنی منداڵ لە باخچە لە ڕێگای یارییە و لە ڕێگای ئەو چالاکییانەیە کە ئەنجامدەدرێت لەبەر ئەوەی ئەگەر من بیکەم بە پرۆگرام و کتێبێکی کوردی یان زانستی بدەمە دەست کەواتە کردم بە قوتابخانە کە کردم بە قوتابخانە منداڵ رائەکات کە ئەمە یەکێکە لەو لایەنە نەرێنییانەی بەستنەوەی منداڵ بە پرۆگرامێکەوە ،چونکە هێشتا قۆناغی قوتابخانەی نییە ، کەچووە قوتابخانە هەندێ بابەت بۆی دووبارە دەبێت ، بەڵام ئەگەر لەڕێگای چالاکی بێت منداڵ شەوقێکی دەبێت بۆ بابەتەکە و وەریدەگرێت و نابێت ترسێکی لا دروست بێت، تەنانەت پێتەکان و ژمارەکان بە ڕێگای یاری فێر دەکرین ، بەرکاری و کوردی وزانستییان پێدەوترێت ، بەڵام بە شێوەی ساناو ئاسان لە ڕێگای یاریکردن و ناسینەوە، ئێستا بەرنامەیەکمان داناوە بێجگە لەو کتێبەی وەزارەتی پەروەردە ئەگەر لە وێستگەکاندا پەیڕەوی بکەین ئێمە یەکەکانی پرۆگرامەکە دابنێین کەلەو مانگەدا چ بابەتێک بوترێتەوە بابەتەکانیش جیاوازە، بۆفوونە ئێمە باسی گایانلەبەرەکان دەکەین منداڵێکی ناو هەولێر جیاوازە لە منداڵێکی ناو پرۆگرامەکە بۆ مامۆستا دادەنێین مامۆستا دەبێت بە پێی ژینگەی باخچەکە مامەڵە لەگەڵ وانەکە بکات هەتا پەروەردەکان لەگەڵ یەک جیاوازن پەروەردەی خەبات لەگەڵ شەقاڵاوە جیاوازە، پرۆگرامەکانیش لە 10-1 دەگاتە باخچەکان ،چونکە سەرەتاکانی باخچە تەنها ئاشناکردنی منداڵانە بە باخچە و تەنانەت هەفتەی یەکەم تا کاتژمێر 10دەوامی پێدەکەین

هەڵسەنگاندن لە باخچە بۆچی هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەو گشتگیر بۆ منداڵی باخچە نییە لە هەر باخچەیەک بە جۆرێکە مامۆستا لەسەرچ بنەمایەک هەڵسەنگاندن بۆ منداڵ بکات و وەڵامی دایک و باوک بداتەوە واتە وەڵامێک لە گۆڕە نەبێت؟

ئەم هەڵسەنگاندنانە چۆنە ئێوە دەزانن کەئەو سەرپەرشتیارانە سەردان دەکات دەبێت بزانێت کە ئایا بەدواداچوون کراوە لەسەر ئەو منداڵانە بۆ ئەمسااڵی خوێندن ئەوەش پێداچوونەوەی تێدا دەکەین .

پرۆگرامی باخچە پرۆگرامی باخچەکانی منداڵان بۆ ئەمسااڵی خوێندن چۆنە و تاچەند گشتگیر دەبێت و لەسەر چ بنەمایەک داڕێژراوە ئایا بۆ ئایا هەست ناکەن کێشەتان بۆ دروست دەبێت تا کاتژمێر یەک چونکە ڕەنگە مامۆستایەکی زۆر لە باخچەکانەوە بڕوات و کێشەی خواردنیش کێشەیەکی تر ە ؟

ئەوە دەوام و واجبی خۆیەتی ئەم بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ سااڵنی حەفتاکان و هەشتاکان کە مامۆستایانی باخچە تا کاتژمێر یەک دەوامییان کردووە قوتابخانە لەبەر ئەوەی دوو دەوامە بۆیە ناتوانرێت تا کاتژمێر یەک دەوامی تێدا بکرێت ، هەندێک باخچەش لەبەر زۆری ژمارەی منداڵان ڕەنگە بکەین بە دوو دەوام .

کاتێک دەوام درێژ بکەنەوە ئۆفیش دانانێن لە باخچەکان ،چونکە مامۆستایەکی زۆر ڕەنگە باخچەکان بە جێبهێڵن؟

ئێمە پرۆگرامەکە لەسەر هەموو ڕۆژەکانی هەفتە دادەڕێژین و بە پێی سیستەمیش نابێت ڕۆژێک ئۆف بدرێت بە مامۆستا بە پێی ئەو بەشە وانانە بێت هێشتا کاتەکە بەشیشمان ناکات ڕەنگە هەندێک مامۆستا بە جێی بهێڵن ، بەڵام ئێمە ئەگەر کار گەشتە ئەوەی کەم و کوڕیمان لە میلاک هەبێت دەرچوی بەشی باخچەکانمان هەیە لە کۆلێژی بنیاد کە لە ماڵەوە دانیشتوون دەتوانین مەجالیان بدەین و وەک وانە بێڕ بیانهێنین و وانەکانییان پێبڵێینەوە کە پسپۆڕی خۆیانە و کاتیی خۆی کەوەرگیراون بە لێنی ئەوەیان پێدراوە کە وەک مامۆستای باخچە وانەیان پێ بوترێتەوە.

دووەدوامیی باخچە باخچەکان بە چ میکانیزمێک دەکرێتە دوو دەوام لە کاتێکدا منداڵ ناتوانێت نێواران دەوامبکات؟

ئێمە باخچەی دوو دەوامییمان هەیە و تا دوو ساڵیش بەبەردەوامی دوو دەوام بووە زۆریش باخچەیەکی باش بووە کە شانازی پێوە ئەکەم باخچەی ئەوین لەگەڵ ئەوەی نەبەردەست و نەچاودێری هەبووە هەموو ئەرکەکان لەسەر شانی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بووە دەستخۆشییان لێدەکەم ، لەبەر ئەوەی شوێنەکەیان کەوتۆتە ناو کۆمەڵێک بەڕێوەبەرایەتی منداڵەکانی خۆیان لە بەیانییان ئەبرد و دەوامی دووەمان دانابوو بۆ ئەوانەی کە فەرمانبەر نین گرنگ ئەوەبوو منداڵەکە فێر بێت ئەگەر نیوەڕۆانیش بێت ئەو منداڵەی دایکیشی فەرمانبەر بێت دەتوانێت هێنێتەوە لە دەوامی دووەمیش یاریدەدەرێک فەرمانی پێدەردەچێت و هەریەکە لە گەڵ بەڕێوەبەرەکە بەیانییان و نیوەڕوان دەوام دەکات.

نمونەی ژوورێکی باخچە لەکاتی وانە خوێندندا

کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان 45% کەمکرایەوە

خەبات/ ڕۆشنا

ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی بەسەرۆکایەتی د.ئاڕام محمد قادر بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگەکان بەڕێژەی ٤٥%، هەروەک مەرج و ڕێنمایی نوێی ماستەرو دکتۆرای تاوتوێکرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) ئەنجومەنی وەزارەت بەسەرۆکایەتی د. ئاڕام محمد قادر سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبونی سەرۆک زانکۆ حکومییەکان کۆبونەوەی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٩ی ئەنجامدا و چەند تەوەرو بابەتێکی پەیوەست بە پێشخستنی ڕەوشی خوێندنی باڵای کوردستان بڕیاریان لێوەدرا.

بڕیارەکانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت

کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان: سەبارەت بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە زانکۆ حکومییەکاندا، وەزیری خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی وتی: ئامانجی وەزارەتەکەمان بۆ کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لەبەر چاوگرتنی باری دارایی هاوڵاتیانی کوردستان و ڕەخساندنی هەلی زیاتری خوێندن و پەرەپێدانی توانا کانی گەنجانە بۆ پەرەپێدانی بەهرەکانیان، ئەویش بە ڕەچاوکردنی پاراستنی کوالیتی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا. بۆ ئەمەش ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی (٤٥%)ی کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە سەرجەم قۆناخەکانی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کە بۆ ئەمسااڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو بڕیارەکەش خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا) دەگرێتەوە . کردنەوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا: سەبارەت بە خاڵێکی دیکەی کۆبونەوەکە ئایەت بو بە کردنەوەی خوێندنی باڵا/ ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان، لەلایەن لێژنەی باڵای وەرگرتن پوختەی ڕێنمایی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) خرایەڕو و لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت تێبینی و بۆچونی جیا جیا بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕێنماییەکان خرایەڕو.

ئەنجامی وەرگرتنی خوێندکاران پەسەندکرا: لە بەشێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا ئەنجامی وەرگرتنی قوتابییان و خوێندکارانی قۆناخی دوانزەی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان بەداتاو ئامار بەپێی پلانی زانکۆکان بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت لەڕێگەی داتاشۆ خرایەڕو، دوای خستنەڕوی ئەنجامی وەرگرتن و بۆچون و پێشنیازی ئامادەبوان ئەنجومەنی وەزارەت ئەنجامی وەرگرتنی دەرچوانی دوانزەی ئامادەیی بۆ ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەسەندکرد، کە وابڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامی وەرگرتن ڕابگەیەنرێت.

خولی شەهیدی فەرماندە خالید ئاژگەیی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو



لەیاری کۆتایی خولی شەهیدی فەرماندە خالید ئاژگەیی، بەئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و هاندەرێکی یەکجار زۆر و خانەوادەی شەهیدی فەرماندە، هەردوو تیپی (زەریا و تێکۆشەر) گەشتنە یاری کۆتایی خولەکە و لە یارییەکی بەهێزدا بەیەک گەیشتن، کاتی یاسایی یارییەکە بە یەکسان بوونی هەردوو تیپ بەبێ گۆڵ کۆتایی پێ هات و پەنا برایە بەر لێدانی یەکلاکەرەوە، و لە کۆتایدا پلێنگەکانی تێکۆشەر توانیان ببنە پاڵەوانی خولەکە و لە لێدانە یەکلاکەرەوەکان لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بێنن.

سلێمانی یەکەمین پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەب بۆ تیروکەوانی بەڕێوەچوو



لە شاری سلێمانی یەکەمین پاڵەوانێتیی تیروکەوانی بۆ یانەکانی وڵاتانی عەرەبی بەڕێوەچوو، ئەوەش یەکەمجارە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی پاڵەوانێتییەکی لەو شێوەیە بۆ یانەکان رێکدەخرێت.
پاڵەوانێتییەکە لەسەر یاریگای یانەی سلێمانی ئەنجامدراو 26 یانە لە هشت وڵاتی عەرەبییەوە بەشداری بوون کە ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام بوو.
ئازاد سەفوەت بەڕێوەبەری پاڵەوانێتییەکە، لەو بارەیەوە گوتی: ئەم پاڵەوانێتییە یەکەمجارە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بۆ یانەکان ئەنجامدرا و لەسەر خواستی ئێمە وەک یانەی سلێمانی بووە کە داوامان لە یەکێتیی عەرەبی کرد و ڕەزامەندییان لەسەر داواکەمان نیشاندا.
ئازاد ئاماژەی بەوەش کرد، بە نیازن لە داتوودا بەردەوامی بەم پاڵەوانێتییە بدەن و عێراق ببێتە رێکخەری پاڵەوانێتییەکە ، ەروەا لە ەوڵدان لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیا پاڵەوانێتیی ۆڵی داخراو بۆ یاری تیروکەوانی بێنە سلێمانی و چاوەڕوانی وەڵامی یەکێتیی ئاسیا دەکەن بۆ ڕەزامەندی لەسەر ئەو داوایەی پێشکەشیان کردووە.
ئەنجامە کۆتاییەکانی ئەم پاڵەوانێتیە بەم شێوەیە بوو:
یاریی لە جۆری رکێرف لەسەر ئاستی تاک کوڕان:
یەکەم: عەلی کازم لە یانەی بەغدا
دووەم: محەمەد حماد لە یانەی جمنەی تونسی
سێیەم: محەمەد جاسم لە یانەی بەغدا
چوارەم: مەجدی بورقیبە لە یانەی ئەهلی لیبیا
لەسەر ئاستی تیپ:
یەکەم: یانەی سیدی سەلیم لە لیبیا
دووەم: یانەی سلێمانی لە کوردستانی عێراق
سێیەم: یانەی ئەمانەی بەغدا
چوارەم: یانەی شورتەی عێراق
یاریی لە جۆری رکێرف لەسەر ئاستی تاک کچان:
یەکەم: مریم زمخاخ لە یانەی تەحەدیی مەراکیشی
دووەم: خلود فاروسی لە یانەی تەزامنی سوری
سێیەم: رەند المشهدانی لە شورتەی عێراق
چوارەم: فرح عەلا جەعفەر لە ئەمانەی بەغدا
یاریی لە جۆری کۆمباوند لەسەر ئاستی تاک کوڕان:
یەکەم: ئیسحاق دەغمان لە شورتەی عێراق
دووەم: شاکر خلف لە یانەی (زرا) عێراق
سێیەم: محەمەد ئەحمەد لە یانەی (زرا) عێراق
چوارەم: وەلید حەمید شکحان لە یانەی ئەمانەی بەغدا
یاریی لە جۆری کۆمباوند لەسەر ئاستی تاک کچان:
یەکەم: فاتمە سەعد لە یانەی شورتەی عێراق
دووەم: نبراس محەمەد لە یانەی ئەمانەی بەغدا
سێیەم: هەدیر عامر لە یانەی (زرا) عێراق
چوارەم: شەیما رەجا لە یانەی تەحەدیی مەراکیشی
یاریی لە جۆری کۆمباوند لەسەر ئاستی تیپ کوڕان:
یەکەم: (زرا) عێراق
دووەم: شورتەی عێراق
سێیەم: ئەمانەی بەغدا.
چوارەم: یانەی دیالە.

یانەی هەولێر 3 یاریی تامی بردنەوەی نەچێشتووە، زاخۆش لەدوا خولەکەکانی یارییەکەدا بەکارەبا دۆڕا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەگەڕی سێیەمی خولی نایابی تۆپی پێی عێراق دوور یاری گرینگ ئەنجام درا و یارییەکانی دیکەی خولەکەیش بەهۆی نالەباری بارودۆخی عێراق و خۆپیشاندان سەرجەم یارییەکان دواخران، دوو یاری ئەنجام دران لەوانە لەیاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆ هەریری، هەردوو یانەی هەولێر و نەفت لەیارییەکای مامناوەندیدا بەیەکگەیشتن، یارییەکە بەئەنجامی تاکە گۆڵێک بۆ هەردوولا بەیەکسانبوون کۆتایی هات و هەردوولا بەخاڵێکی یارییەکە رازی بوون، هەولێر ئەم هەفتەیە یاری گەڕی سێیەمی خولی عێراق بەڕێکرد، لەهەر سێ یارییەکە یەکسانبوونی بەدەستهێناوە و تائێستا تامی بردنەوەی لەسەر دەستی ڕاهێنەر ئەکرم سەلمان نەکردووە، هەولێر لەڕێزبەندی خولی نایابی عێراق بەکۆکردنەوەی 3خاڵ لەپلەی 14مینداییە، لەیارییەکانی داهاتوو ئەگەر زاخۆ پێشوازی لەیانەی کارەبا کرد، یارییەکە لەبەرژەوەندی تیپی میوان بەئەنجامی دوو گۆڵ بەرانبەر بەگۆڵێک کۆتایی هات و یانەی کارەبا لەسەر دەستی یانەی زاخۆ 3خاڵی گرینگی دەستەبەر کرد، گۆڵەکانی یارییەکە لەدواساتەکانی کۆتایی یارییەکە تۆمار کراوە، بەتایبەتی لەخولەکی 90دا یاریزان حسێن فازیل گۆڵی یەکەمی بۆ کارەبا تۆمار کرد، پاشان لەخولەکی 92 یاریزانی یانەی زاخۆ عومەر کایتا گۆڵی یەکسانبوونی تۆمار کرد، دواجار لەخولەکی 95ی زیادکراوی یارییەکە یاریزان عەلا موحسێن گۆڵی دووەم و سەرکەوتنی لەیانەی زاخۆ تۆمار کرد و 3خاڵی گرینگی بۆ یانەکە دەستەبەر کرد، بەم ئەنجامە زاخۆ لەدوایین تیپەکانی ڕێزبەندی خولەکە دەبێندرێن کەهیچ خاڵێکی بەدەست نەهێناوە، لەبەرامبەردا کارەبا بەکۆکردنەوەی 3خاڵ لەپلەی هەشتەمدایە.



ئەنجامەکانی راست نەکاتەوە ئاستی تیپەکە بەرەو ئاقارێکی خراپ تێپەر دەبێت.

لەیاری دووەمدا لەیاریگای نێو دەوڵەتی زاخۆ، یانەی

گنابری خەڵاتی باشترینی بردەوە

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپی ناوی باشترین یاریزانی جەولەی دووەمی گرووپەکانی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپای ڕاگەیاند کە ئەویش سێرجی گنابری یاریزانی یانەی بایرن میونشینی ئەڵمانی بوو.
یەکێتی تپی پێی ئەوروپا لە تویتەری فەرمی خۆی بڵاوکردەوە کە گنابری خەڵاتی باشترین یاریزانی جەولەی دووەمی گرووپەکانی بەدەستهێنا ، دوای ئەوەی بەپێش هەریەک لە لویس سواریز لە یانەی بەرشلۆنە و ئیمانوێل بۆنافنتۆر لە کلوب بروجی بەلژیکی ئەشرەف حەکیمی لە یانەی دۆرتمۆند کەوتەوە، ئەویش دوای ئەوەی لەیارییەکەی بارن بەرامبەر تۆتینهام توانی هاتریک تۆمار بکات.





ئەمڕۆ لە خولەکانی ئەوروپادا

*** خولی ئینگلیزی:**
ساوسهامتۆن- چێلسی 4:00
ئەرسنال-بۆرنموس 4:00
مان سیتی- وۆلفر هامپتۆن 6:00
نیوکاسل- مان یونایتد 6:30
*خولی ئیسپانیا :
ریال مایۆرکا- ئیسپانیۆل 1:00
سیلتافیگۆ- ئەتلەتیک بلباو3:00
بەلەدولید- ئەتلەتیکۆ 5:00
ریال سۆسیداد- خیتافی 7:00
بەرشلۆنە- سیڤیا 10:00
خولی ئیتالی:
ئینتەر میلان- یۆڤینتۆس 9:45
تۆرینۆ- ناپۆلی 7:00

با لە ڕێگای وەرزشدا گرنگی بە بازرگانی بدەین



ژیلا تەیفور

بازرگانی وەرزشی واتە گۆڕینەوە و بەکرێدان و فرۆشتنی شوێنی تایبەت بە یارییە وەرزشییەکان، پێداویستی تایبەت بەوەرزش، فرۆشتنی تکێتی یارییەکانە بەرامبەر بە وەرگرتنی بڕێک پارە، لەوڵاتانی پێشکەوتوو وەرزش لە چوارچێوەی حەز و خولیاو کات بەسەردن پەلی هاویشتووە بۆ بازرگانی کردن بە وەرزش و کردنەوەی چەندان کۆمپانیای بەرهەمهێنان لە تۆڕی میدیایی و ریکلام و کەلو پەل و پێداویستی تایبەت بە وەرزشیان هەیە.
پێداویستی یارییەکان و هۆڵەکان و جل وبەرگ و شۆڕپینگ و مۆدیل و کالای وەرزشی لە ئێستادا مۆدیلێکی باو و سادەیە، کە لە کوردستانیش وەکو بەکارهێنەر بەکاردێت، ئالوگۆڕی لە چوارچێوەی پێداویستی و کەل و پەلی وەرزشی بەهەمان شێوەی بازرگانییەکانی دیکەیە، بۆ نمونە بە فرۆشتنی پشکەکانی وەرزشی ، ئالوگۆر و فرۆشتنی یاریزانەکان، بەکرێدانی هۆڵ و شوێنە وەرزشییەکان.
هەربۆیە کاتێک ناوچەو شوێنی تایبەت بە یاریی وەرزشییەکان گرنگی پێبدرێت و لەڕووی بازرگانییەوە قازانجی زیاتر بەدەست دەهێنرێت، یاخود لەکاتی بەڕێوەچوونی ڤیستڤاڵ و بۆنەو یادەکانی تایبەت بەورزشەکان، ڕوبەروو بوونەوەی یانە و هەڵبژاردە بەهێزەکان و بوونی یاریی تایبەت و جیاوازەکان، ئەوا پشکەکان بەهادارتر دەکات، چونکە ئەوکات دەتوانرێت بەنرخێکی گرانتر لە ڕۆژانی ئاسایی پلیت بفرۆشێت و بەکرێدانی شوێنەکان بەمەستی ئالوگۆر و بازگانی، کە بەمەش دەتوانرێت قازانجی زیاتر بەدەست بهێنرێت.
قازانج پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خستنە ڕووی خواست هەیە، بۆ نمونە ئەو شوێنانەی کە هۆڵ و یاریگای وەرزشی کەمترە، نرخیان زیاترە لەو شوێنانەی کە زیاتر لە چەند هۆڵێکی تایبەت بەوەرزشی هەیە، لە ئێستادا هۆڵ و شوێنەکانی تایبەت بە یاری و مەشقە وەرزشییەکان لەچوارچێوەی یاریگای کراوە تێپەڕیوە، پەلی هاویشتوە بۆ مۆڵ، شوێنە گشتی و تایبەتییەکان، هەروەها فێرگە و ناوەندەکانی خوێندن بەمەستی ڕاکێشانی بەشداربووان، گرنگی و پەرە بەلایەنی بازرگانی بە وەرزش دەدرێت، وەرزش وەکو ڕێگایەکی ئاسان بۆ بازرگانی بەکاردەهێنرێت.
بازرگانی کردن لە ڕێگای وەرزشەوە لە کوردستاندا چۆن بنیات دەنرێت و بەرەو پێش دەبردرێت؟
.تەبوونی بیرۆکەی بازگانی بە وەرزش و خاوەنکار لەڕێگای وەرزشەوە.
.تەنووسینیەوەی بیرۆکەی بازگانی بە وەرزش و دواتر کردنی بە بزنس پلان.
.تەلێهاتوویی لە توانای بڕوا پێهێنان بە ئارەزومەندان و وەرگر و بەکارهێنەرانی کەلوپەل و پێداویستییە وەرزشییەکان و ڕازیکردنی بازرگانەکان بە وەرگرتنی شوێن و ناوەندە وەرزشییەکان بە مەبەستی کرێ و بازرگانی، لە خستنە ڕوبەکدا فرۆشتنەوەی پێداویستییەکانی یاریزانان بە هەواداران.
٤-هاوبەشی کردن لەگەڵ ڕێکخراو و ناوەندی وەرزشی نێودەوڵەتی بەمەستی پەرەپێدان و ناساندن و وەرزشی نێوخۆ و ئاشنابوون بە ڕێگاکانی بازگانی و بینینی ئەزمونی دەرەکی.
٥-ڕوانینی شکستەکان وەکو وانەیەک، بینینی بازرگانی بە وەرزش بە شێوازێکی سادەو ئاسان کە هەنگاو بە هەنگاو بکرێت.
٦-زانینی بنەما وەرزشییەکان و خواست لەسەری.
.تەگرینگدان بە توانای تایبەت و کەسی و کەرتی تایبەت، کۆڵنەدان، تەرخان کردنی کاتی تایبەت بە پەرەپێدان.
٨-پەرەپێدانی میدیای وەرزشی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گرینگیدان بە ڕیکلام وناساندنی کەسایەتی وەرزشی لە ڕێگەی یارییە ئەلیکترۆنیەکان و ئەنیمەیشن.
ئاستەنگەکانی بازرگانی بە وەرزش و بوونی تایبەتمەندی لەم بوارە هۆکارێکە بۆئەوەی بەئاسانی لەم شێوازەی بازرگانییەوە سەیر بکرێت.
ئاستەنگەکانی بازرگانی بە وەرزش و بوونی تایبەتمەندی لەم بوارە هۆکارێکە بۆئەوەی بەئاسانی سەیر نەکرێت، کە لە ڕاستیدا کارێکی ئەستەمیش نییە گەر هەوڵ و کۆششی بۆ بدرێت لەڕێگەی ڕوانینی بازرگانی کردن لە وەرزش وەکو خولیاوئارەزوو، کۆڵنەدان و ئیرادە و توانای بەهێز وشکاندنی بەربەستەکان.
سەرەکیترین ڕێگا بۆ دەست پێکی بازگانی لەناو وەرزشدا پەرەپێدان و بیرۆکەی سادە و پڕۆژەی بچوکە لەهەنگاوە سەرەتاییەکان، پلانی بەهێز و زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان لەڕووی دارایییەوە پشت بەستن بە توانا مرۆییەکان، گەر بێت و لایەنی توانای مرۆیی بەهێز بێت ئەوا توانایی دارایییش بە پشت بەستن بە بازرگانەکان و کۆمپانیاکان بەدەست دێت.
دروست کردنی تۆری کۆمەڵایەتی بەهێز و کردنەوەی کۆڕ و سیمینار و پانێلی تایبەت بەوەرزش و بەشداری کردن لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکان، لە کوردستانیشدا بەبەردەوامی بازرگانی بەشێوازێکی گشتی بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و گرنگی زیاتری پێدەدرێت، بەڵام لەبواری وەرزش تەنیا لەچوارچێوەی بەکرێدانی هۆڵی لەشجوانی، مەلەوانگە وشوێنەتایبەتەکان هەیە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 6. Oct. 2019 No: (5842)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



ڕەشانگ

دڵشاد مستەفا وەسانی
پەکشەمە و چوارشەمە دەینوسێت

ئازارەکانی وابەستەبوون بەودیو سنوور

کەس هێندەی عێراقییەکان، باس لە پیرۆزیی سنوور ناکات، کەسیش هێندەی ئەوان، بێڕێزیی پێناکات، ئەمەش ڕێک ئەو دووفاقییەیە، کە عەلی وەردی، عێراقییەکانی پێ ناسیوە.

ناچمەوە سەر سەرەتای مێژووی دروستبوونی دەوڵەتێک، بە تۆبزی کوردستانیان پێوە لکاندووە، نیشتمانێکی ساختەیان بەناوی (عێراق) لێ دروست کرد، کە لەوێ ڕۆژێوە، کورد تێیدا دەچەوسێتەوە، عەرەبیش هەر لە بەرەبەیانی مێژووی ئەو دەوڵەتەوە، لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن، کە نیشتمانی عەرەب، بە هۆی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆوە، پارچە پارچە بووە و جوێن بە ئەندازیاری دروستکردنی عێراق و تەواوی دەوڵەتە بڕیاربەدەستەکان دەدەن.

لە دوای 2003ەوە، کێرقی وابەستەبوونی عێراقییەکان بەودیو سنوورەوە بەرزتر بۆتەوە، ئەگەر پێش ئەو مێژووە، سەدام حوسێن و سەرۆکەکانی پێش ئەویش، بۆ لەناوبردنی کورد، بێڕێزییان بەسنوور کردبێت و فەرموویان لە دراوسێکان کردبێت، ئەوا لە دوای ئەو ساڵەوە، کە بەحیساب عێراقی نوێیە، بەردەوام عێراقییەکان وابەستەی ئەو دیو سنوورن بوون، بە بەرچاویانەوە سنووری هەرێمی کوردستان بەزێندراوە، هەر لەبەر ئەوەی کورد ئازاردراوە، خۆیان لێ بەخەم نەکردووە.

ئەو دەستوورەی بەڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکان نووسرا، ساڵی 2005دەنگی پێدرا، بەڵام دەسەڵاتدارانی بەغدا، وردە وردە پشتیان تێکرد و لێی پەشیمان بوونەوە، لەبەرامبەریشدا، وابەستەبوونیان بە ئێران، عێراقی گەیاندە ئاستێک، زۆر لە عەمامە بەسەرەکان بڵێن، هەر ناکۆکییەک بکەوێتە نێوان عێراق و ئێران، لەگەڵ ئێران دەبین، هەروەها لە کاتی هاتنی زیارەتکارانی ئێرانی، عێراقییەکانیان لەسەر ئەوە ڕاهێنا، بچەمێنەوە و پێڵاوی ئەو ئێرانیانە ماچ بکەن، بۆیە عێراق بووە گۆڕەپانی مللانێی ئەجندا دەرەکییەکان، کە باری عێرقییەکانی زۆر گران کرد.

ئەو دەرفەتەی دوای 2003ڕەخسا، دەکرا بە ڕاستی عێراقێکی نوێ دروستکرابایە، دەستوور گرەنتی پێکەوەژیانی هەموو پێکهاتەکانە، خرپوونەوە لە دەوری ئەو دەستوورە، تاکە ڕێگەی دروستبوونی عێراقی نوێیە، بەڵام بەرژەوەندیی دەرەکی و لێکگرێدانەوەی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەو هێزانەی وابەستەی دەرەوەی سنووری عێراقن،سەرچاوەی سەرەکی هەموو کێشەکانی عێراقە. ئەو هێزە سیاسییانەی کارەکتەری سەرەکیی عێراقن، هەموو هێز و توانا و وزەی عێراقیان خستە خزمەت ئەودیو سنوورەوە، ئاخر بارودۆخی عێراق، کەی بەرگەی ناکۆکیی ئەمەریکا و ئێران دەگرێت؟ عادل عەبدولمەهدی بەترسەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دێتە پێشەوە، لەگەڵ گەورە بوونی خۆپیشانانەکانی عێراق، هەر کە تاران گوتی دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل و سعودیەی تێدایە، هێز و لایەنی وابەستەبوو، دەرفەتیان قۆستەوە و گوتیان حکوومەت هەڵبوەشێتەوە.

کورد لەوەتەی شۆڕش دەکات، هەوڵی داوە ناکۆکی نەکەوێتە نێوان کورد و عەرەب، کەچی بەداخەوە، لەم یەک دوو ساڵەی دوایی، سەرکردەکانی عێراق لەشاشەکان، یان کە دێنە کوردستان، وتاری پڕ لە بەلاغەت دەخوێننەوە و بەبرای گیانی بە گیانیمان دەزانن، لە ژێرەوەش دژایەتی کوردیان بردۆتە حوسێنییەکان و لەوێوە جوێن بە ڕەمزەکانمان دەدەن و هەرەشەمان لێ دەکەن، بەرگی عەقیدەیان لەبەرکێشەی هەولێر و بەغدا کردووە.

عێراق لە نێوان دوو وابەستەبووندایە، وابەستەبوون بە دەستوور کۆتایی بە هەموو کێشەکانی دەهێنێت، وابەستەبوونیش بە دەرەوە، دایساندنی ئاگرێکی دیکەیە، پێناچێت عێرق ڕووی لە وابەستەبوونی یەکەم بێت، ئەگەر هەر شەیدای دووەمیان بێت، دەبێت چاوەڕێی دۆزەخێک بکات، بڵێت (هل من مزید؟!)






سەرۆک وەزیرانی کەنەدا: ڕێز لە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستان دەگرم



با لە گەلەیی زیاتر بێت









چەند ڕۆژێک لەمەوبەر (یەکێتی قوتابیانی کوردستان) کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس و نووسەرو دەستگای میدیایی جۆراوجۆری لە مەراسیمێکدا خەڵات کرد، بەوپێیەی ئەوانە بەشداری کاریان هەبووە لەکاتی ڕیفراندۆمدا.

ئێمە لەکاتێکدا دەستخۆشی لەو دەستپێشخەرییە دەکەین و بە ئەرێنی دەبینرخێنین هاوکات سەرسوڕمانی خۆشمان وەک ڕۆژنامەی (خەبات) و نووسەرانی ڕادەگەێنین و دەپرسین هۆکار چییە ڕۆژنامەی ئۆرگانی حزب چاوپێکەتنمان بۆ ئەو مەبەستە ساز دەکردو لە ڕۆژنامەکەدا بڵاومان دەکردەوە کە هەندێ لەو نووسینانە لەمەودوا وەکو کتێب بڵاوکرانەوە جا گەر یەکێتی قوتابییانی بەڕێز خۆیان ئاگایان لە ڕۆژنامەی مەرکەزی حزب نەبێت ئەو هیچ گوناهی ئێمەی تێدا نییەو گەر پاساویشیان ئەوە بووبێ کە باری دارایی سەخت بووە ئەوەش هیچ پاساو نییە، چونکە دەیانتوانی لە سایتی ڕۆژنامەی خەبات موتابەعەی نووسینەکانی تێدا بکەن کە هیچ لەسەریان نەدەکەوت.



ئێمە وەک کارمەندانی خەبات پێویستمان بە خەڵات و پاداشت نییەو داواشی ناکەین و هیچ نووسەرێکیشمان وەک شەخسی گلەیی لێتان نییە، چونکە هەموو ئەرکێکی حزبی و نیشتمانیمان جێبەجێ کردووە، بەڵام خۆ دەکرا ڕۆژنامەکەمان، ڕۆژنامەی خەبات خەڵات بکەن

ئەمەش چەند ڕاستییەک دەردەخات، یان ئەوەتا قوتابییانی بەڕێز کەسیان ڕۆژنامەی حزبەکەی خۆیان ناخوێننەوە یان هەڵسوڕێنەرانی مەراسیمەکە بە ئارەزووی خۆیان کێ-یان پێخۆشبووبێ پاداشتیان کردووە.

بۆیە هیوادارین ئەم کەمتەرخەمییە و پشتگوێخستنەی ڕۆژنامەی مەرکەزی حزبمان بەمەبەست نەبووبێ و تەنیا بێ ئاگایی بێ سەروبەری بووبێت. ئەمەش چەردەیەک لەو نووسینانە بۆ بەڕێزتان و خوێنەران.

ڕۆژنامەی خەبات جگە لەوەی بەردەوام کاری لەسەر خەباتی نەتەوایەتی کردووە، ناوە ناوەیش مەسەلەی مافی ڕەوای گەلەکەمانی لە بڕیاری چارەنووسسازانە و لەبەرچاوگرتنی دروشمی قۆناغەکان، لە ساڵی 2015تەوەڕێکی لەبارەی (دەوڵەتی کوردستان) ئامادە کرد و بیرورای چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستایانی زانکۆی خستەڕوو، کە زیاتر لە مانگێکی خایاند و هاوکارمان گولباغ بەهرامی ئامادەی کردبوو، دواتر هەر لەو ساڵەدا تەواوی تەوەرەکە کرایە کتێب بەناوی (دەوڵەتی کوردستان ... بۆچوونی جیاواز).

کە دەنگوباسی ڕیفراندۆمیش پەیدابوو، خەبات کاری خۆی کرد، تا بەوە گەیشت کۆبوونەوەی ڕۆژی 7/ 6/2017چەند حزبێک بەسەرپەرشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرا و بڕیار درا ڕۆژی 25ی ئەیلوولی ئەو ساڵە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بکرێت، لەو ڕۆژەوە (خەبات) لە چەند لایەکەوە کاری لەسەر ڕیفراندۆم کرد:

یەکەم: هەر لەو ڕۆژەوە تا ڕۆژی ڕیفراندۆم، هەرچی چاوپێکەوتنی میدیای جیهانی هەبوو لەگەڵ سەرۆک بارزانی، لەگەڵ ئەو وتارانەی لە کاتی بانگەشەی ڕیفراندۆم لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کران، هەر هەموویان لە (خەبات) بڵاوکرایەوە و دواتر بەناوی (بەڕەو سەربەخۆیی ... (دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانی سەرۆک بارزانی 7/6/2017بۆ /26/9 2017) لە ساڵی 2017دا، لە لایەن هاوکارمان شکار نەقشبەندی کۆکرایەوە و وەک کتێبێک بڵاوکرایەوە.

دووەم: لەماوەی بانگەشەی ڕیفراندۆم ڕۆژنامەکەمان لە 16لاپەڕەوە کردە 20لاپەڕە و (پاشکۆ)شمان دەرکرد، هەروەها دیزاین لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری بەسەردا هات و شێوەیەکی تایبەتی دیزاینمان هەبوو.

سێیەم: پێکهێنانی تیمێک لە هەڤاڵ و هاوکارانمان کە سەردانی شارەکانی کوردستانیان کرد وەک سلێمانی و کەرکووک و خورماتوو و چەندین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کەسایەتی و نووسەر و کەسانی ئەکادیمی سازدا و بڵاو بوونەوە. پێکهاتبوون لە (یاسین هێژا، سەردار حوسێن، هاوار مورتکەیی).

چوارەم: تیمێک لە هەڤاڵ و هاوکارانمان کۆڕە جەماوەرییەکانی هەولێر و دەوروبەریان ڕووماڵ دەکرد.

پێنجەم: تیمێکی بەردەوام لە ئۆفیسی سەرەکی ڕۆژنامە لە نووسەر و دیزاینەر و کارمەندی دیکەی بەشی هونەری و پەیامنێر کاریان دەکرد و لە ماوەی بانگەشەی ڕیفراندۆم تا درەنگانی شەو دەمانەوە.

شەشەم: جگە لەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامە دەهاتن، کە زۆربەیان لەلایەن خەباتە ڕادەسپێردران، ژمارەیەک لە هەڤاڵ و هاوکارانمان بەردەوام وتاریان دەنووسی.

حەوتەم: چەند هەڤاڵێکمان هەر بە وتار نەوەستان، بەڵکو کتێبیان لەسەر ئەو ڕووداوە گەورە و 16ی ئۆکتۆبەر و بەگشتی بارودۆخی کوردستان نووسی، وەک سەلام عەبدوڵڵا کە بەرگی سێیەمی کتێبەکەی بەناوی (ستوونەکان) بۆ ئەو بابەتانە تەرخان کرا، دڵشاد مستەفا وەسانی کتێبی (باشووری کوردستان .. هۆکاری دەرەکی و ڕەنگدانەوەی لە ناکۆکیی ناوخۆیدا)، شاخەوان برایم عەبدوڵڵا کتێبی (کورد لە ئۆکتۆبەری ڕەشدا) و زانیار سەردار قڕگەیی کتێبی (گشتپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە شاری سلێمانی).

(خەبات)